تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5703) چوارشەممە 27ی شوبات 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

لاری نیڤل بۆ خەبات: ڕۆژێک دێت کوردستان دەبێتە دەوڵەتێکی بەهێزی ناوچەکە

خەڵکی کوردستان باجی ململانێی سیاسی و ئابووری هێزە نێودەوڵەتی و ئیقلیمیەکان دەدەن



4

خەبات/مەریوان نەقشبەندی:

لەلێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات بەڕێز لاری نیڤل گەورە مەرجەعی کەنیسەکانی تەسبیح(pcoc) لە ئەمەریکا و جیهان باس لەهەنگاوەکانی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێم و تێڕوانینی حەکیمانەی سەرۆک بارزانی بۆ ڕووداوەکانی ناوچەکە و بەتایبەتیش بۆ دۆسێی ئازادی ئاینی و کرانەوە بەڕووی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات و دەڵێت: خەڵکی کوردستان باجی ململانێی سیاسی و ئابووری هێزە نێودەوڵەتی و ئیقلیمیەکان دەدەن، لەکاتێکدا خەڵکی کوردستان کولتووریکی تەواو جیاواز و تایبەت بەخۆی هەیە، بۆیە ڕۆژێک دێت کوردستان دەبێتە دەوڵەتێکی بەهێزی ناوچەکە و ڕەنگە ئەوانی تر سوود لەئەزموونەکەی وەربگرن.

سەرۆک بارزانی فرانسۆ هۆڵاند دۆستی گەلی کوردستانی بەڕێکرد

سەرۆک بارزانی هیوای خواست وەک دۆستێکی کورد بەردەوام بن لە پەیوەندیی لەگەڵ کوردستاندا

فرانسۆ هۆڵاند پێزانینی بۆ قارەمانێتی و بوێری و قوربانیدانی گەلی کوردستان و پێشمەرگە هەبوو



دوێنێ سێشەممە 2019/2/26 سەرۆک مەسعود بارزانی لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر، بەڕێز فرانسۆ هۆڵاند، سەرۆکی پێشووی فەڕەنسا و دۆستی گەلی کوردستان و سەرۆک بارزانی، بە سوپاس و ڕێزەوە بەردەو وڵاتی خۆی بەڕێیکرد. سەرۆک بارزانی سوپاس و بەخێرهێنانی بەڕێز فرانسۆ هۆلاندی کرد و هیوای خواست هەمیشە وەک دۆستێکی پرسی ڕەوای گەلی کوردستان و بەردەوام بن لە پەیوەندیی و سەردانیکردنی کوردستان.

ڕۆژی دووشەممە 2019/2/25 لە کاتی سەردانی بۆ هەولێر، لە سەلاحەددین سەرۆک بارزانی پێشوازی لە بەڕێز فرانسۆ هۆڵاند سەرۆکی پێشووی فەڕەنسا و دۆستی گەلی کوردستان کرد و لە دیدارێکیدا دووبارە سوپاسی پشتیوانی فەڕەنسا و خودی سەرۆک هۆڵاند کرد و ستایشی ئەو هاوکاریی و پەیوەندییەی کرد کە لە شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش پێشکەش بە کوردستانیان کرد.

لە بەرانبەردا بەڕێز فرانسۆ هۆڵاند پێزانینی بۆ قارەمانێتی و بوێری و قوربانیدانی گەلی کوردستان و پێشمەرگە لە شەڕی دژ بە داعش نیشاندا.

سەرکردەیەکی گۆڕان: کەسانێک هەن خەون بە تێکدانی ڕێککەوتنەکەی پارتی و گۆڕانەوە دەبینن

2

بە زۆرینەی دەنگ لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان پێکهێندرا

3



دوێنێ سێشەممە 2019/2/26 دانیشتنی ژمارە 1ی نائاسایی پەرلەمانی کوردستان بە سەرۆکایەتیی د.ڤالا فەرید، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمان و مونا قەهوەچی، سکرتێری پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوو.

بەرنامەی کاری دانیشتنەکە تایبەت بوو بە پێکهێنانی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، بەپێی حوکمی مادەکانی 28-29 لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان. لە دەستپێکی دانیشتنەکەدا، د.ڤالا فەرید، سەرۆکی پەرلەمان بەرنامەی کاری دانیشتنەکەی خوێندەوە و دواتر داوای لە هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمان کرد وردەکاریی کۆبوونەوەکانی جێگری سەرۆک و سکرتێری پەرلەمان سەبارەت بە دیاریکردن و دەستنیشانکردنی ئەندامانی لیژنەی یاسایی لەگەڵ فراکسیۆن و پێکهاتەکانی پەرلەمان بخاتەڕوو.

هەردوو فراکسیۆنی پارتی و سۆسیالیست هاوپەیمانێتیان گرێ دا

4



ئومێد خۆشناو: فراکسیۆنەکەمان، لە 45 کورسییەوە دەبێتە 46 کورسی

بڕی پێدانی کارەبای نیشتیمانی بەهاوواڵاتیان بۆ 20 کاتژمێر بەرز دەبێتەوە



خەبات/ سەید فاتیح بەرزنجی: ئەندازیار محەمەد ئەمین هەورامی ڕاوێژکاری وەزارەتی کارەبا ڕوونیکردەوە: بە پێی پلانی وەزارەتی کارەبا بڕیار وایە بۆ ماگی داهاتوو مانگەکانی نیسان و ئایار پێدانی کارەبای نیشتیمانی زیادبکرێت و دەبێتە 20 کاتژمێر لەڕۆژێکدا ئەو هەنگاوەش دوای زیادکردنی غازی سروشتی دێت و بەشی زۆری وێستگەکانی کارەبا بە غازی سروشتی کاردەکات و خەرجیەکانیشی لەسەر حکومەت کەم کردۆتەوە و بەهۆی کەمبوونەوەی وەرزی سەرماوە پێدانی کارەبا بە هاوڵاتیان زیاد دەبێت و ئێستاش 12 کاتژمێر کارەبا بە هاوڵاتیان دەدرێ و هەرچەندەی سەرما کەمبێتەوە خواستیش لەسەر بەکار هێنانی کارەبا لەلایەن هاوبەشانی کارەباوە کەم دەبێتەوە.

لەسەر بانگهێشتی ئێران شاندێکی هەرێمی کوردستان سەردانی ئێرانیان کرد

هەولێر و تاران هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتی دەروازە سنوورییەکانی نێوانیان دەدەن

بەپێی ڕاگەیەندراوێکی بەشی پەیوەندییەکانی گومرگی هەرێمی کوردستان کە وێنەیەکی دراوەتە خەبات، لەسەر داوای مەهدی میر ئەشرەفی، جێگری وەزیری دارایی و سەرۆکی دەستەی گشتیی گومرگەکانی ئێران، کۆبوونەوەیەک لە نێوان شاندی دەروازە گومرگییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران لە تاران ئەنجامدرا. کۆبوونەوەکە بە مەبەستی پێشخستنی ئالوگۆڕی بازرگانی و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتی دەروازە سنوورییەکانی نێوان هەردوولا بووە. هاوکات هەولێ داڕشتنی بەرنامەی نوێی تایبەت بە کارکردنی هاوبەش لە نێوان هەردوو لایەنی هەرێمی کوردستان و ئێران دراوە.

دۆنالد ترامپ و کیم جون ئوون گەیشتنە پایتەختی ڤیێتنام

ئەمڕۆ دووەمین کۆبوونەوە لە نێوان هەردوو سەرۆک ئەنجام دەدرێت



کیم جونگ ئون سەرۆکی کۆریای باکوور بەیانی دوێنێ سێشەممە گەیشتە هانووی پایتەختی ڤیێتنام بۆ کۆبوونەوەی لەگەڵ دۆنالد ترامپ سەرۆکی ئەمەریکا، کە بڕیارە ئەمڕۆ و سبەی هەردوو سەرۆک ئەنجامی بدەن.

بەپێ ئاژانسەکانی هەواڵ کیم جونگ زیاتر لە چوار هەزار کیلۆمەتری بە شەمەندەفەرێکی تایبەت بڕیووە تا گەیشتۆتە ڤیێتنام و لەسەر سنووری ئەو وڵاتەش بە ئوتۆمبێلی تایبەت بەردەو هانووی پایتەخت بەڕێکەوتووە.

هەر ئێوارەی دوێنێش دۆنالد ترامپ سەرۆکی ئەمەریکا بە فرۆکە تایبەتەکەی گەیشتە پیاتەختی ڤیێتنام ئەمڕۆ و سبەی کۆبوونەوەی گرنگ ئەنجام بدەن و تاوتوێیی ئەو تەنگژە سیاسییانەی نێوان هەردوو وڵات بکەن.

نێچیرڤان بارزانی پێشوازی لە فرانسوا ئۆلاند کرد

نێچیرڤان بارزانی رۆڵی فەرەنسا لە نەهێشتنی ئابلۆقەی سیاسی و دیپلۆماتیی سەر هەرێمی کوردستان بەرز دەنرخێنێت

فرانسوا ئۆلاند هەماهەنگی نێوان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەرێمی کوردستان و عێراق بە گرنگ دەزانێت



سەرلەبەیانیی دوێنێ سێشەممە 2019/2/26 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز فرانسوا ئۆلاند سەرۆکی پێشووی فەرەنسا و دۆستی گەلی کوردستان کرد.

لە دیدارێکدا کە بەڕێز قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیران ئامادەی.بوو، بەڕێز ئۆلاند وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی بەم سەردانە، پوختەیەکی دەربارەی سەردانەکەی و بەسەرکردنەوەی چەند ناوچەیەکی مووسڵ و بەشداربیان لە ڕێوڕەسمی پێشکەشکردنی خەڵاتی شەهیدی ڕۆژنامەوان شیفا گەردی پێشکەشکرد، هەروەها باسی سەردانەکەی بۆ هەرێمی کوردستان لە سەرەتای شەڕی داعش و بەسەرکردنەوەی بەرەکانی جەنگ لەگەڵ جەنابی سەرۆک بارزانی کرد و دەستخۆشی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە کرد بۆ حەواندنەوە و پاراستنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و پەنابەران، جەختیشی لە گرنگیی هەماهەنگیی نێوان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی پێویست لە ناوچە زیانبەرکەوتووەکان کردەوە.

لای خۆیەوە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سوپاسی ئەو سەردانە و دۆستایەتیی بەڕێزیان و هاوکارییە بەردەوامەکانی فەرەنسای بۆ هەرێمی کوردستان لە کاتە سەختەکاندا کرد و ڕۆڵی فەرەنسای لە لابردنی ئابلۆوقەی سیاسی و دیپلۆماتیی سەر هەرێمی کوردستان بەرز نرخاند، هەروەها ئاماژەی بە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و چارەسەرکردنی بەشێک لە گرفتەکان کرد و پشتگیریی هەرێمی کوردستانی بۆ حکوومەتی بەڕێز عادل عەبدولمەهدی و چارەسەرکردنی کێشەکان لە ڕێگەی گفتوگۆوە، دووپاتکردەوە.

بەڕێزیان باسی لەوەشکرد کە مەترسیی سەرهەڵدانەوەی داعش لە ئارادایە و لەمبارەیەوە ئێستا هەماهەنگیی نێوان سوپای عێراق و پێشمەرگە هەیە بە مەبەستی دۆزینەوەی میکانزمێک بۆ ڕووبەڕووبونەوەی مەترسییەکان، وێڕای ئەوەی کە هەولێر و بەغدا لە چەند بواری دیکەدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە گفتوگۆدان.

سەرکردەیەکی گۆڕان: کەسانێک هەن خەون بە تێکدانی ڕێککەوتنەکە پارتی و گۆڕانەوە دەبینن

جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە لە بەرژەوەندی خەڵکە



قۆناغی زۆر ناخۆشدا تێپەڕیوە کە نەبوونی متمانە و گرفتی سیاسی، سەرباری هەموو گرفتەکان بووە، ئێستاش ڕێککەوتن لە نێوان پارتی و گۆڕان کراوە و هیوادارین ئەم ڕێککەوتنە لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان بێت و هەردوولامان بەردێک لەسەر بەردێک دابنێین. ڕوونیشی کردەوە کاتی ئەوە هاتووە پارتی و یەکێتی و هێزەکانی دیکەش، دەست بکەنە ناو دەستی یەکتری و قۆناغی کۆن تێپەڕێنین، ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە لاپەڕەیەکی نوێ بکرێتەوە. هیواشی خواست کە پارتی و گۆڕان ڕێککەوتنەکە جێبەجێبکەن، چونکە بە جێبەجێکردنی، دۆخەکە بەشێوەیەکی دیکە دەگۆڕێت و چاوەڕوان دەکەین ئەم بەهارە ببێتە جێی ئومێدی خەڵک.

سەرکردەکەی گۆڕان نەیشاردەوە کە کەسانێک هەن، خەون بە تێکدانی ڕێککەوتنەکەی پارتی و گۆڕانەوە دەبینن، لەمبارەیەشەوە گوتی هیوادارین ئەو خەونە نەزۆک بێت و نەزۆکیش دەبێت، چونکە ڕێککەوتن لەگەڵ لایەنێکی ناوخۆی کوردستان کراوە.

ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانیی بزووتنەوەی گۆڕان باس لە ڕێککەوتنەکەی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان دەکات و جەخت لەوە دەکاتەوە کە خەونی تێکدانی ئەو ڕێککەوتنە نەزۆکە. ئەمیری حاجی کەمال، ئەندامی جڤاتی نیشتمانیی گۆڕان بە ئاژانسی باسنیوزی ڕاگەیاندووە کوردستان بە ئەزموونێکی نوێ تێدەپەڕێت و پێویستە هەموو لایەک هەوڵ بدەن بۆ سەرکەوتنی ئەزموونەکە.

مەحمود محەمەد لەگەڵ شاندێکی کونسوڵخانەی ئەمەریکا کۆبۆوە

هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکوومەت و گفتوگۆکانی نێوان هەولێر و بەغدا تاوتوێکران



مەحمود محەمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشوازی لە ستیڤن فەیگن سەرکونسوڵ و شاندێکی کونسوڵخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان، کرد.

لە دیدارێکدا ڕەوشی هەرێمی کوردستان بە گشتی و هەنگاوەکانی دوای هەڵبژاردنی کوردستان و سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازیی لە ستیڤن فەیگن سەرکونسوڵ و شاندێکی کونسوڵخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان، کرد.

دوێنێ سێشەممە 26ی شوباتی 2019 مەحمود محەمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشوازی لە ستیڤن فەیگن سەرکونسوڵ و شاندێکی کونسوڵخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان، کرد.

لە دیدارێکدا ڕەوشی هەرێمی کوردستان بە گشتی و هەنگاوەکانی دوای هەڵبژاردنی کوردستان و پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی نوێ و نێوەندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لێکتێگەیشتن و پەیوەندی نێوان پارت و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی خرانە بەرباس، هەروەها جەختکرایەوە لە بەرژەوەندی و خواستی خەڵکی هەرێمی کوردستانە هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێ و چارەسەرکردنی کێشە و ئاستەنگەکان، خێراتر بکرێن.

هەر لەو دیدارەدا ڕەوشی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و زەروورەتی چارەسەرکردنی گرفتەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بە گفتوگۆ، لە ڕێگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانێکی بەهێز، نێوەندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لێکتێگەیشتن و پەیوەندی نێوان پارت و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی خرانە بەرباس، هەروەها جەختکرایەوە لە بەرژەوەندی و خواستی خەڵکی هەرێمی کوردستانە هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێ و چارەسەرکردنی کێشە و ئاستەنگەکان، خێراتر بکرێن.

هەر لەو دیدارەدا ڕەوشی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و زەروورەتی چارەسەرکردنی گرفتەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بە گفتوگۆ، لە ڕێگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانێکی بەهێز،

عیرفان عەلی عەبدولعەزیز: هەرکات پێمان بگوترێ بۆ بەشداریمان لە حکوومەتدا تاوتوێی دەکەین



ڕابەری گشتی بزووتنەوەی ئیسلامی پێیوایە کابینەی داهاتوو دەتوانێت لە ئاست پێشبینییە زۆرەکانی خەڵکدایە، هەروەها ئەو گۆڕانکاریانەش بە باش وەسف دەکات و پێشیوایە کابینەی نوێ کابینەیەکی بەهێز دەبێت، هاوکات هیواخوازە کابینەی نوێ کێشەی مووچە چارەسەر بکات.

ڕابەری گشتی بزووتنەوەی ئیسلامی، عیرفان عەلی عەبدولعەزیز، لە بارەی پرسی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و داواکاری بۆ بەشداریکردنی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کابینەی نوێی حکوومەت، گوتی: پێشتر ئێمە بۆچوونی خۆمان ئاشکرا کردووە و ئەو ڕۆژەی کە کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان، مەسرور بارزانی لە پەرلەمان ڕانەسپێردراوە بۆ پێکهێنانی حکوومەت و هەرکات دەستنیشانکرا و دەستیکرد بە کاروباری پێکهێنانی حکوومەتەکەی، ڕەنگە ئەوکات شتێک هەبێت، ڕەنگە لە ئێستادا بە ناڕەسمی هەندێک قسە کرابێت لەگەڵمان و پێیان خۆشبێت بەشداری بکەین لە حکوومەت، بەڵام شێوازی خەڵک باش بکات و کۆتایی بە کێشەی مووچە بهێنێت.

سەبارەت بە وادەی پێکهێنانی کابینەی نوێ و بەشداری بزووتنەوە لە کابینەی نوێدم، ڕابەری گشتی بزووتنەوەی ئیسلامی، عیرفان عەلی عەبدولعەزیز پێیوایە هێشتا بۆ پرسی بەشداریکردنی بزووتنەوە لە حکوومەت کاتەکەی زووە، لەمبارەیەوە گوتی: تاکو ئێستا کاک بەشداریکردنەکە و چۆن بەشداری بکەین ئەوەمان پێ بگوترێت ئەوکات لە شورای بزووتنەوە تاوتوێی دەکەین.

عیرفان عەلی عەبدولعەزیز پێیوایە کابینەی نوێی حکوومەت لە ماوەیەکی نزیکدا پێکدێت، لەمبارەیەوە گوتی: ئەو ناکۆکییانەی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەن، ناکۆکیی ریشەدار و تووندنین، ناکۆکییەکان لەسەر پرسی بەغدا و کەرکوک بووە و لەسەر پرسی پێکهێنانی حکوومەت نەبووە، پێموایە ئەو کێشەیەی نێوان هەردوولا بە زووترین کات چارەسەر دەبێت، چونکە کێشەکانیان قوڵ نین.

زەمینەیەک بۆ بەشداریکردنمان لە حکوومەت دروستبووە

شوان ڕابەر: ئێستا پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و کۆمەڵی ئیسلامی ئاساییە



سەرکردەیەکی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان ڕایدەگەیەنێت کە لە دوای دوو کۆبوونەوە لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامی، ئێستا زەمینەیەک بۆ باسکردنی پرسی بەشداریکردنیان لە حکوومەت دروستبووە.

شوان ڕابەر وەک سەرکردەیەکی کۆمەڵی ئیسلامی ڕایگەیاندووە کە لەبەر چەند هۆکار و هەڵوێستێکی کۆمەڵ، پارتی لێمان نیگەران بوو، بەڵام ئێستا پەیوندییەکانی نێوانمان ئاساییە ڕوونیشیکردەوە، دوای ئەوەی دوو کۆبوونەوە لە نێوان پارتی و کۆمەڵ ئەنجامدران، زەمینەیەک بۆ بەشداریکردنی کۆمەڵ لە حکوومەت هاتووەتە ئاراوە، گوتیشی: ئەم زەمینەیە پەیوندی بەوە هەیە کە پارتی وەک حزبی براوەی یەکەم بۆ پێکهێنانی حکوومەت، بە فەرمی داوا لە کۆمەڵ بکات، دواتر کۆمەڵیش لەوبارەیەوە دەست بە دانوستان دەکات.

yasinheja@yahoo.com وتارو ڕاپۆرتەکانتان لەسەر ئیمەیڵی نامەنووسین بنێرن:
www.xebat.net
چوارشەممە 2019/2/27 ژمارە (5703)
خەبات

بە زۆرینەی دەنگ لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان پێکهێندرا

پێکهاتەی تورکمان: لە پەرلەمان پرەنسیپی تەوافوق و سازان پارێزراوە و کاری پێدەکرێت



پارتی و سۆسیالیست کورسییەکی خۆیان بەخشییە پێکهاتەی تورکمان

دوێنێ سێشەممە 2019/2/26 دانیشتنی ژمارە 1ی نائاسایی پەرلەمانی کوردستان بە سەرۆکایەتیی د.فالا فەرید، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمان و مونا قەهوەچی، سکرتێری پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوو.

بەرنامەی کاری دانیشتنەکە تایبەت بوو بە پێکهێنانی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، بەپێی حوکمی ماددەکانی 28-29 لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان. لە دەسپێکی دانیشتنەکەدا، د.فالا فەرید، سەرۆکی پەرلەمان بەرنامەی کاری دانیشتنەکەی خوێندەوە و دواتر داوای لە هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمان کرد وردەکاریی کۆبوونەوەکانی جێگری سەرۆک و سکرتێری پەرلەمان سەبارەت بە دیاریکردن و دەستنیشانکردنی ئەندامانی لیژنەی یاسایی لەگەڵ فراکسیۆن و پێکهاتەکانی پەرلەمان بخاتەڕوو.

لە لایەن خۆیەوە جێگری سەرۆکی پەرلەمان رایگەیاند: دوای ئەنجامدانی دوو کۆبوونەوەی فراکسیۆنەکان لەبارەی پێکهێنانی لیژنەی یاسایی، کۆبوونەوەی یەکەم لەژێر سەرپەرشتیی سکرتێری پەرلەمان و کۆبوونەوەی دووەم بە سەرپەرشتیی جێگری سەرۆکی پەرلەمان بەڕێوەچوو و تێیدا لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان لەسەر بنەمای پاراستنی پرەنسیپی تەوافوق و سازان لەژێر ڕۆشنایی حوکم و ماددەکانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان توانیمان بگەینە تەوافوقێک لەسەر پێکهێنانی لیژنەکە کە بەشێوەیەک بێت کۆی پێکهاتە و فراکسیۆنەکانی تێدا ڕەنگبداتەوە.

جێگری سەرۆکی پەرلەمان ڕاشیگەیاند: لەسەر بنەمای پاراستنی پرەنسیپی تەوافوق و سازان، لیستی هاوپەیمانیی پارتی دیموکراتی کوردستان و سۆسیالیست کە بە 46 کورسییەوە 5 ئەندامییان بەردەکەوت، ئەندامێکی بەشی خۆیان بەخشی بە فراکسیۆنەکانی تورکمان کە سەرجەمییان لەسەر کاندیدکردنی ئەندامێک ڕێککەوتبوون. هەروەها ڕایگەیاند: تا ئەنجامدانی دانیشتنی پەرلەمانیش لە پەیوەندیدابووین لەگەڵ فراکسیۆنی سەوز لەبارەی کاندیدەکانیان بۆ لیژنەکە، بەڵام فراکسیۆنی سەوز ناوی هیچ ئەندامێکییان بۆ نەناردین.


پاشان سەرۆکی پەرلەمان داوای لە سکرتێری پەرلەمان کرد بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بخاتەڕوو بۆ ئەنجامدانی ڕێککارەکانی پێکهێنانی لیژنەی یاسایی و ناوی ئەندامانی کاندید بۆ لیژنەکە خوێندرانەوە و لە لایەن سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە خرایە دەنگدان و بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا.

هەر لە چوارچێوەی دانیشتنەکەشدا، فراکسیۆنەکانی تورکمان سوپاسی هەردوو فراکسیۆنی پارتی و سۆسیالیستیان کرد بۆ بەخشینی کورسییەکی خۆیان لە لیژنەی یاسایی بۆ پێکهاتەی تورکمان و ڕایگەیاند: ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە مەبدەئی تەوافوق و سازان پارێزراوە و کاریشی پێدەکرێت. بەر لە تەواوکردنی دانیشتنەکە، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: ڕۆژی هەینی داهاتوو 2019/03/01 دانیشتنی کردنەوەی خولی گرێدانی بەهارە بەڕێوە دەچێت. ئەو پەرلەمانتارانەی وەک لیژنەی یاسایی دەستنیشانکران، پێکهاتوون لە عەبدولسەلام عەبدوڵڵا حەسەن ڕەسوڵ، خدیجە عومەر، ئەرشەد حوسێن، بژار خالید، جەلال محەمەد، کاوە عەبدولقادر، ڕووپاک ئەحمەد، ڕۆبینە مەلاک عەزیز، سارا دڵشاد، ئەبوبەکر مەولود.



هێمن هەورامی: فراکسیۆنی سەوز ناوی هیچ ئەندامێکییان بۆ نەناردین

ئەندامێکی لیژنەی یاسایی:
یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم هەموار دەکەینەوە



ئەندامێکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: یەکەم کارمان هەموارکردنەوە و کاراکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمە و کۆدەنگی و یەکهەڵوێستییەک لە نێوان سەرجەم فراکسیۆنەکان بۆ ئەم هەموارکردنەوەیە هەیە.

پەرلەمانی کوردستان 18ی ئەم مانگە کۆبوونەوە و سەرۆکایەتیی پەرلەمان هەڵبژێردرا. لە کۆبوونەوەکەی دوێنێ سێشەممە، لیژنەی یاسایی پەرلەمان هەڵبژێردرا. خەدیجە عومەر، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان بۆ ماڵپەڕی پارتی دەڵێت: یەکەم کاری لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان هەموارکردنەوە و کاراکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمە، لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستاندا یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان هەڵپەسێردرا، وا دانەدرابوو کە لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان ئەم یاسایە هەموار بکرێتەوە و کارا بکرێتەوە. پێوەست بە چۆنیەتیی هەموارکردنەوەی یاساکەش ئەو ئەندامەی لیژنەی یاسایی ڕوونیکردەوە: لە بڕگەیەکی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمدا وا هاتووە کە دەبێ سەرۆکی هەرێم لەنێو گەلبژێردرێت، بەڵام دەستکاری دەکەین و سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمانەوە هەڵدەبژێرین تا هەرێم دەبێتە خاوەن دەستووری هەمیشەیی تایبەت بە خۆی. هەروەها خەدیجە عومەر ئاشکرایشی کرد: کۆدەنگی و یەکهەڵوێستییەک هەیە لە نێوان سەرجەم فراکسیۆنەکان بۆ هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم، چونکە پێشتر گفتوگۆی لەبارەوە کراوە.

مەم بورهان قانع: هیچ پێشێلکارییەکمان لە هەڵبژاردنی لیژنەی یاسایی پەرلەمان نەبینی



فراکسیۆنی نەوەی نوێ لە پەرلەمانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت کە ئەوان هیچ پێشێلکارییەکی پەیڕەوی ناوخۆیان لە هەڵبژاردنی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان نەبینیوە، بۆیە دەنگیان بە لیژنەی یاسایی داوە.

دوێنێ سێشەممە 2019/2/26 دانیشتنی نائاسایی پەرلەمانی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی لیژنەی یاسایی پەرلەمان بەڕێوەچوو و دوای دانیشتنەکەش مەم بورهان قانع، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی نەوەی نوێ لە بڕیارەی بەڕێوەچوونی دانیشتنەکە و پێکهێنانی لیژنەی یاسایی و دەنگدانی فراکسیۆنەکەیان بە لیژنەی یاسایی، مەم بورهان قانع گوتی: ئێمە بۆیە بەشداری ئەم دانیشتنەمان کرد لیژنەکانە، بەپێی ماددەی 28 لە پەیڕەوی ناوخۆش پێویستە لە میانی 25 ڕۆژدا هەموو لیژنەکان هەڵبژێردرێن.

سەبارەت بە هەڵوێستی فراکسیۆنی نەوەی نوێ لەبارەی بەڕێوەچوونی دانیشتنەکە و پێکهێنانی لیژنەی یاسایی و دەنگدانی فراکسیۆنەکەیان بە لیژنەی یاسایی، مەم بورهان قانع گوتی: ئێمە بۆیە بەشداری ئەم دانیشتنەمان کرد و دەنگمان بۆی دا، چونکە هیچ پێشێلکاری و نایاسایی پەیڕەوی ناوخۆمان نەبینی.

دوێنێ سێشەممە پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی نائاسایی ژمارە 1ی ئەنجامدا، 73پەرلەمانتار بە بەڵێ دەنگیان دا بۆ هەڵبژاردنی لیژنەی یاسایی پەرلەمان کە 11 ئەندامی هەیە و شەش پەرلەمانتاریش بە نەخێر دەنگیان بۆ ئەو لیژنەیەدا.

کەرکووک..زیاتر لە 800 شوێنەوار هەڕەشەی لەناوچوونیان لەسەرە

هەندێک لە شوێنەوارەکان بە تەواوی سڕاونەتەوە و نەماون



بەپێی ئامارێکی شوێنەوارناسی کەرکووک کە فەرمانگەیەکی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری عێراقە، زیاتر لە 800 شوێنەواری میژووی کەرکووک لە ژێر هەڕەشەی داڕووخاندان، لە نوێترین داڕمانی شوێنەوارە میژوویەکانی شارەکە ڕووخانی تاقە کۆنەکانی قشلەی کەرکووکە، کە دەکەوێتە ناوەڕاستی شارەکەوە و بەدیزاینێکی جوان و سەرنجڕاکێش لە سەردەمی عوسمانییەکان دروستکراوە، ئەو بینایە کە وەک هێمایەکی شارەکە بوو، ئێستا لەژێر هەڕەشەی یەکجاری داڕمانە.

بەگوێرەی کوردستان24 زیانەکانی قشلەی کەرکووک لە دوورەوە دەردەکەون، پاشماوەی داڕمانی حەوت تاقی قشلەیە کە هێشتا لەسەر زەوی کەوتوون. درزەکان لەگەوڕەبوونداون و گەیشتوونەتە تاقەکانی دیکە. قشلەی کەرکووک نەو شوێنەیە کە بەر لە 150 ساڵ، عوسمانییەکان بە دەست و مەچەکی کوردەکان دروستیانکردووە.

بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری عێراق بارەگایان لە شارەکە هەیە، بەڵام هیچیان پێی ناکرێت، چونکە چاککردنەوەی شوێنەکە پێویستی تێچوویەکی زۆر هەیە. حکوومەتی عێراقیش تاکو ئێستا هیچ بڕە پارەیەکی تەرخان نەکردووە بۆ چاکردنەوەی شوێنەوارە میژوویییەکانی کەرکووک، هەندێک لە شوێنەوارەکانیش بە تەواوی سڕاونەتەوە و نەماون، بەڵام ئامارێکی دروست لەوبارەیە لە بەردەست نییە.

زیاتر لە 25٪ی ئەوانەی ساڵی 2018 لە ئێران لەسێدارە دراون کوردن



بە پشتبەستن بە ناوەندی ئاماری دوو ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو و ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران، لە ساڵی 2018ی زایینیدا 273 کەس لە ئێران لەسێدارە دراون، کە 70 کەسیان هاوواڵتیی کوردبوون. بەپێی ڕاپۆرتێک کە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران بڵاوی کردووەتەوە لە ساڵی 2018 زایینیدا لانیکەم 273 کەس لە ئێران لەسێدارە دراون کە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی لەسیدارەدراوانی ساڵی 2017، ئەو ڕێژەیە 48% کەمیکردووە. لە کۆتایی ساڵی 2018ی زایینی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی (هەنگاو) ڕایگەیاند کە لەو ساڵەدا 69 هاوواڵتیی کورد لەسێدارە دراون کە ڕۆژێک دوای ئەو ڕاپۆرتە هاوواڵتییەکی دیکەی کورد لەسێدارە درا و ژمارەی ئەو هاوواڵتییە کوردانەی کە ساڵی 2018دا لەسێدارە دراون، گەیشتە 70 کەس. بە سەرنجدان لە ئامارەکانی ئەو دوو ڕێکخراوە دەردەکەوێت کە 25.5%ی ئەو کەسانەی کە لە ساڵی 2018دا لە ئێران لەسێدارە دراون، هاوواڵتیی کورد بوون. هەروەها لە ماوەی ساڵی 2018دا لە هەموو ئێران 5 ژن لەسێدارە دراون کە 3 کەسیان کورد بوون.

بەرپرسی ئۆفیسی یەکێتی ئەورووپا لە هەرێمی کوردستان سەردانی پەرلەمانی کرد

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:
دەخوازین سەرجەم ڕێکارە یاساییەکان بە ڕێککەوتنی فراکسیۆنەکان ئەنجام بدەین

دوێنێ ڕێکەوتی 2019/2/26 د.قالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بە ئامادەبوونی هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و مونا نەبی قەهوەچی، سکرتێری پەرلەمانی کوردستان، لەنووسینگەی خۆی لە تەلاری پەرلەمان پێشوازیی لە خاتوو کلاریس پاستوری بەرپرسی ئۆفیسی یەکێتی ئەورووپا لە هەرێمی کوردستان کرد.

لەدیدارێکدا کلاریس پاستوری بەرپرسی ئۆفیسی یەکێتی ئەورووپا لە هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی پەرلەمان و سکرتێری پەرلەمان کرد بەبۆنەی دەستبەکاربوونیان لە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان و خۆشحاڵیی خۆی بەکاراکردنی پەرلەمان و بەبوونی ئافرەت لەو پۆستە سیادییانە لە هەرێمی کوردستان دەربڕی و ڕایگەیاند: خۆشحاڵین کە دەبین پەرلەمانی کوردستان کارایە و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵبژێردراون و لە ئیستادا دەستکراوە بەدانانی لیژنەکانی پەرلەمان و بوونی ئافرەت لە سەرۆکایەتی پەرلەمان گرینگە و نیشانەی یەکسانی و دیموکراسی ئەم هەرێمەیە .

هەر لە دیدارەکەدا بەپرسی ئوفسی یەکێتی ئەورووپا لە هەرێمی کوردستان دووپاتی کردەوە، پشتیووان و هاوکار دەبن لە ئەزموونی دیموکراسی هەرێمی کوردستان و پشتیوانیی لە هەموو ڕێکارێکی دیموکراسییانە دەکەن بۆ ئیدارەدانی هەرێم و خزمەتی زیاتری خەڵک و ئەنجامدانی چاکسازی گشتگیر و بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەرهێل دەبین .

دواتر د.قالا فەرید ئیبراهیم سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان وێڕای بەخێرهێنانی کلاریس پاستوری بەرپرسی ئۆفیسی یەکێتی ئەورووپا لە هەرێمی کوردستان پوختەیەک لە ڕێکارە یاساییەکانی پەرلەمانی کوردستان و فراکسیۆنەکان و دانانی لیژنەکانی پەرلەمان شیکردەوە و ڕایگەیاند: ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دەخوازین سەرجەم ڕێکارە یاساییەکان بە ڕێکەوتنی فراکسیۆنەکان ئەنجام بدەین

و لە ئێستاشدا چەندین پرۆژە یاسا لەبەردەستمانە وچەندین یاساش پێویستی بە هەمواركردنەوە هەیە بۆ ئەوەی لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بێت.

لە کۆتایی دیدارەکەدا سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان هیوای خواست یەکێتی ئەورووپا هاوکارو هەماهەنگ بن لەگەڵ هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان.



هەردوو فراکسیۆنی پارتی و سۆسیالیست هاوپەیمانێتیان گرێ دا

ئومێد خۆشناو: فراکسیۆنەکەمان، لە 45 کورسییەوە دەبێتە 46 کورسی

پێنج ئەندامیان بەرکەوتووە، بەڵام بۆ ئەوەی مافی پێکهاتەکان دابین بکەن، ئەندامێکیان کشاندوەتەوە و داویانە بە پێکهاتەی تورکمان،



خێلان بەختیار-KDP:

لە پریس کۆنفرانسێکدا پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی پارتی، بۆ میدیاکان ڕایگەیاند، کۆبوونەوەی ئەمڕۆیان گرینگی خۆی هەبووە، کە لیژنەی یاسایی دەستنیشان کراوە، چونکە بێ ئەو لیژنەیە پەرلەمان ناتوانێت هیچ هەنگاوێک بنێت، ڕەتیشی کردەوە کە کۆبوونەوەکە بۆ سزادانی هیچ لایەنێک بێت، بەڵکو لە بەشی یاسایی خۆیشیان سازشیان کردووە.

دوای دانیشتنی یەکەمی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، کە سەبارەت بە دەستنیشانکردنی لیژنەی یاسایی ئەنجامدرا، ئومێد خۆشناو لە پریس کۆنفرانسێکدا بۆ میدیاکان ڕایگەیاند، کە لیژنەی یاسایی گرینگە بۆ تێپەڕاندنی کارەکان و پڕۆژە بڕیارەکان، بەو پێیەی بێ بوونی ئەو لیژنەیە پەرلەمان ناتوانێت هیچ هەنگاوێک بنێت.

خۆشناو ئەوەیشی نەشاردەوە، کە دوای ئەنجامدانی سێ کۆبوونەوە لەگەڵ فراکسیۆنەکان، بە مەبەستی ڕێککەوتنێک بۆ دەستنیشانکردنی لیژنەکان، بەڵام ئەو ڕێککەوتنە نەکرا، چونکە هەر فراکسیۆنێک داوای ئەندامی لە لیژنەکاندا دەکرد، گوتیشی: "سەرئەنجام یاسا و ڕێسامان لەبەردەستدایە، کە ئەویش گەڕانەوەیە بۆ شێوازی بەرکەوتەی هەڵبژاردن، تا لیژنەکان دەستنیشان بکەین".

خۆشناو ئەوەیشی باسکرد، کە لە لیژنەی یاسایی و بە پێی بەرکەوتەی کورسییەکانیان لە پەرلەمان، پێنج ئەندامیان بەرکەوتووە، بەڵام بۆ ئەوەی مافی پێکهاتەکان دابین بکەن، ئەندامێکیان کشاندوەتەوە و داویانە بە پێکهاتەی تورکمان، بەو پێیەی دەیانەوێت زامنی مافی پێکهاتەکانی دیکەی کوردستان بکەن، نەک ئیحتیوای بکەن، ئەوەش لە کاتێکدایە کە هەردوو فراکسیۆنی پارتی و سۆسیالیست هاوپەیمانێتییان ئەنجام داوە و بەوەش فراکسیۆنەکە، لە 45 کورسییەوە دەبێتە 46 کورسی.

ناوبراو ڕەتیشی کردەوە، کە ئەو کۆبوونەوەی ئەمڕۆ هەوڵێک بووبێت بۆ پەراوێزخستن و سزای سیاسی هیچ لایەنێک بووبێت، بەڵکو دانیشتنێکی یاسایی بووە، ئەوەیشی خستە ڕوو کە ئامادەییشیان تێدایە لە لیژنەکانی دیکە قەرەبووی فراکسیۆنەکانی دیکە بکەنەوە، لە کاتێکدا ئەوان وەکو فراکسیۆنی پارتی سازشیان لە مافی خۆیان کردووە، ئەوەیشی بە یەکێ لە شانازییەکانی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمان ناوبرد.

ئومێد خۆشناو پێشی وابوو، کە ئەم خولە پەرلەمانێتیکی کارا و ئەکتیڤ دەبێت، وەک پارتییش کە گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمانەکەیە، کاریشی بۆ دەکەن، ڕەتیشی کردەوە، کە مەبەست لە دیاریکردنی لیژنەی یاسایی، بابەتی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم بێت، هاوکات ئەوەیشی ئاشکرا کرد، کە لەسەر داوای سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو پەنایان بۆ دەستنیشانکردنی لیژنەکان لەسەر بنەمای بەرکەوتە دیاری بکەن، وەکخۆی گوتیشی: "نامەی سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووم لایە، کە داوا دەکات بە پێی بەرکەوتەی هەڵبژاردن لیژنەکان یەکلابکرێنەوە، هاوکات واز لە ڕێککەوتن بێنین".

لاری نیڤل بۆ «خەبات»: ڕۆژێک دێت کوردستان دەبێتە دەوڵەتێکی بەهێزی ناوچەکە
خەڵکی کوردستان باجی ململانێی سیاسی و ئابووری هێزە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەکان دەدەن

خەبات/مەریوان نەقشبەندی:

لەلێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات بەڕێز لاری نیڤل گەورە مەرجەعی کەنیسەکانی تەسبیح(pcoc) لە ئەمەریکا و جیهان باس لەهەنگاوەکانی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێم و تێڕوانینی حەکیمانەی سەرۆک بارزانی بۆ ڕووداوەکانی ناوچەکە و بەتایبەتیش بۆ دۆسێی ئازادی ئاینی و کرانەوە بەڕووی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات و دەڵێت: خەڵکی کوردستان باجی ململانێی سیاسی و ئابووری هێزە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەکان دەدەن، لەکاتێکدا خەڵکی کوردستان کولتووریکی تەواو جیاواز و تایبەت بەخۆی هەیە، بۆیە ڕۆژێک دێت کوردستان دەبێتە دەوڵەتێکی بەهێزی ناوچەکە و ڕەنگە ئەوانی تر سوود لەئەزموونەکەی وەربگرن.

لاری نیڤل کە سەرپەرشتی زیاتر لە 4100 کەنیسەی تەسبیحی لە ئەمەریکاو جیهان دەکات کە نزیکەی 2 ملیۆن کەس هەموو ڕۆژانێکی یەکشەمە لەم 4100 کەنیسەیەی نوێژ دەکەن و کۆمەکی دارایی پێشکەش بە پڕۆژە خێرخوازیەکانی لەجیهاندا دەکەن، لە دریژەی لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: من ساڵانی 2006 و 2008 هاتوومەتە هەرێمی کوردستان و سوپاسی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم کە زۆرترین ئازادی بۆ باوەڕدارانی هەموو ئایینەکان دەستەبەرکردووە و خەڵکی کوردستانیش لە لوتکەی میهرەبانیدان لەمامەڵەی مرۆڤایەتیدا.

نیڤل لەسەر هەڵوێستی سەرۆک بارزانی و حیکمەتی لەئیدارەدانی کاروباری سیاسی لە عێراق و هەرێمی کوردستان و ناوچەکە گوتی: سەرۆک بارزانی زۆرترین خزمەتی بە مرۆڤایەتی کردووە لەناوچەکەدا و هەستم پێکرد کە گەلەکەی چەند سەربەرزن سەرۆکێکی وەک بارزانیان هەیە.

نیڤل گوتیشی: ئەنجامی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی خەڵکی کوردستان ساڵی 2017 بۆ هەموو جیهان و پێش ئەوانیش بۆ عێراق و وڵاتانی ناوچەکەی سەلماند کە ناکرێت بۆ هەتا هەتایە خواستی ئەم میللەتە نادیدە بگیرێ کە هیچ گومانم نییە ڕۆژێک دێتەدی، بۆیە داوا لەئیدارەی ئەمەریکاش دەکەم پشت لەکورد نەکات هەروەک چۆن ئێمە لەکاتی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان لێرە لە ئەمەریکا زۆرترین پالپشتی ئیعلامی و جەماوەریمان بۆ ئەنجامەکانی ریفراندۆمی خەڵکی کوردستان هەبوو، تا ئەو ئاستەی کە زۆر لە کەنیسەکانمان لە ئەمەریکا ئالای کوردستانیان دانا و ژمارەیەکی زۆریان لێ چاپ کرد و بەهەموو ئەو کۆنگرێسمانانەمان گوت کە ئەندامی کەنیسەکانی ئێمەن پشتگیری لەخەڵکی کوردستان و هەولەکانی سەرۆک بارزانی بکەن.

شایانی باسە لەکۆی 4100 کەنیسەی تەسبیح (pcoc) لەجیهاندا نزیکەی 150یان لەناو ویلایەتی کالیفۆرنیا و 100 کەنیسەیان لە ویلایەتەکانی تری ئەمەریکا و ئەوانی دیکەش لە دەرەوەی ئەمەریکان کە زۆرترین ژمارە و باوەڕداریشیان لە دەرەوەی ئەمەریکا لە ولاتی فلیپینە و لەهەرێمی کوردستانیش کەنیسەیەکیان هەیە.



www.xebat.net
چوار شەممە 2019/2/27 ژمارە (5703)

ئێران سەرچاوەی ناکۆکی و کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە

وڵاتە عەرەبی و زلهێزکانی جیهان لە کەمکردنەوەی هەژموونی تاران کۆکن





ئەحمەد ئەبولغەیز، ئەمینداری گشتیی کۆمکاری عەرەبی



بنیامین نەتەنیاهۆ سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل



سێرگی لاڤرۆڤ، وەزیری دەرەوەی ڕوسیا

خەبات: زانکۆ محەمەد

ئەمینداری گشتی کۆمکاری عەرەبی ڕایدەگەیەنێت، وڵاتانی عەرەبی هاوڕان لەگەڵ وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپاڵە ڕەتکردنەوەی دەستوەردانەکانی ئێران. هاوکات بنیامین نەتەنیاهۆ سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل ڕایگەیاند، وڵاتەکەی بەردەوام دەبێت لە کارکردن و فشار دروستکردن لە دژی خۆقایمکردنی ئێران لە سوریا. لەبارەی ڕێککەوتنی زلهێزەکان لەسەر سووریا وەزیری دەرەوەی ڕوسیا باس لە دانوستانی ژێربەژێری مۆسکۆ و واشنتۆن لە بارەی سوریا دەکات.



یەکەمەڵوێستی وڵاتانی عەرەبی

ئەمینداری گشتیی کۆمکاری عەرەبی ڕایدەگەیەنێت، کە وڵاتانی عەرەبی هاوڕان لەگەڵ وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا لە ڕەتکردنەوەی دەستوەردانەکانی ئێران. هاوکات بنیامین نەتەنیاهۆ سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل ڕایگەیاند، وڵاتەکەی بەردەوام دەبێت لە کارکردن و فشار دروستکردن لە دژی خۆقایمکردنی ئێران لە سوریا. لەبارەی ڕێککەوتنی زلهێزەکان لەسەر سووریا وەزیری دەرەوەی ڕوسیا باس لە دانوستانی ژێربەژێری مۆسکۆ و واشنتۆن لە بارەی سوریا دەکات.

ئەحمەد ئەبولغەیز، ئەمینداری گشتیی کۆمکاری عەرەبی لە کۆنگرەی لوتکەی وڵاتانی عەرەبی و یەکێتیی ئەورووپا لە ڕەتکردنەوەی دەستوەردانەکانی ئێران. ئەحمەد ئەبولغەیز، ئەمینداری گشتیی کۆمکاری عەرەبی لە کۆنگرەی لوتکەی وڵاتانی عەرەبی و ئەورووپی، ڕایگەیاند، لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپی هاوهەڵوێستن لەبارەی کێشەی ناوکیی ئێران و ڕەتکردنەوەی دەستوەردانەکانی ئێران لە کاروباری وڵاتانی عەرەبی.

ڕۆژی یەکشەممە 2019/2/24 لە هاوینەهەواری شەرمول شێخ لە میسر، کۆنگرەی لوتکەی وڵاتانی عەرەبی و یەکێتیی ئەورووپا، بەڕێوە چوو و تیایدا ئەحمەد ئەبولغەیز هیوای خۆی لەوە نیشانداوە، کە وڵاتانی ئەورووپی لە گرنگیی سەقامگیریی جیهان بە گشتی و وڵاتانی عەرەبی بەتایبەت و دەستوەرنەدان لە کاروباری وڵاتانی دیکە، تێبگەن.

ئیسرائیل بەربەرستی بەردەم ئێران

بنیامین نەتەنیاهۆ سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل ڕایگەیاند، وڵاتەکەی بەردەوام دەبێت لە کارکردن و فشار دروستکردن لە دژی خۆقایمکردنی ئێران لە سوریا.

نەتەنیاهۆ ڕۆژی یەکشەممە (24ی شوباتی 2019) لە کۆبونەوەی حکومەتەکەی ڕایگەیاند، گوێبیستی ئەوە بووین کە گوایە لێپرسراوێکی باڵای ئێران ڕایگەیاندووە، زیاتر لە 90%ی ئامانجەکانیان لە سوریا بەدیهێناوە، لەو بارەیەوە نەتنیاهۆ ئاماژەی بەوەکرد، ئەو لێدوانانە ڕاست نین، بەڵام ڕاستە دەیانەوێت خۆیان قایم بکەن، هەروەها ڕاستە کە ئەوان ڕووبەڕوویان دەبنەوە.

لە بەشێکی تری وتەکانیدا سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل ئاماژەی بەوەکرد، لێپرسراوێکی دیکەی ئێران ڕایگەیاندووە، ئەوان تەنها وەک ڕاوێژکار لە سوریان، بەڵام جیهان گوێبیستی درۆی زۆر بووە لە لایەن ئێرانەوە، بۆیە پەیامێکی ڕوونی هەیە بۆ ئێرانییەکان، ئەویش ئەوەیە هەر کەسێک بیەوێت ئیسرائیل وێران بکات، ئیسرائیل بەردەوام دەبێت لە کارەکانی خۆی بە گوێرەی پێویستی لە پێناو بەرپەرچدانەوەی خۆقایمکردنی سەربازیانەی ئێران لە ناوخۆیی سوریا.

لە کۆتایی وتەکانیدا نەتەنیاهۆ ئاشکرایکرد، ڕۆژی چوار شەممەی داهاتوو لەگەڵ ڤلادیمێر پۆتین سەرۆکی ڕوسیا لە مۆسکۆ کۆدەبێتەوە و پێشتریش بە تەلەفۆن قسەیان کردووە دەربارەی دیدارەکە، ترۆپکی وتووێژەکان تایبەت دەبێت بە تاوتوێکردنی دۆسیەی ئێران و دەستدرێژییەکانی، هەروەها گفتوگۆ دەکەن دەربارەی بەهێزکردنی هاوکاریی و هەماهەنگی لە نێوان سوپای ئیسرائیل و سوپای ڕوسیا، کە ئامانج لێی دوورخستنەوەی بەرەککەوتن و پاڕێزگاریکردنە لە ئارامی ناوچەکە.

ئەو لێدوانانەی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل لە کاتێکدایە، عەلی شەمخانی ڕاوێژکاری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران ڕایگەیاندبوو، ئەوان لە سوریا زیاتر لە 90%ی ئامانجەکانی خۆیان بە دەستهێناوە و دەستدرێژییەکانی ئیسرائیل هیچ کاریگەرییەکی ستراتیژی نەبووە لەسەر بەرگریکردن لەو وڵاتە.

ڕێککەوتنی مۆسکۆو واشنتۆن

لەبارەی هەوڵەکانی ئەمەریکاو ڕووسیا لەبارەی ڕێککەوتنیان لەسەر دۆسێی سووریا، وەزیری دەرەوەی ڕوسیا باس لە دانوستانی ژێربەژێری مۆسکۆ و واشنتۆن لە بارەی سوریا دەکات.

سێرگی لاڤرۆڤ، سەرۆکی دەزگای دیپلۆماسی ڕوسیا ئاشکراشی دەکات، کە مۆسکۆ و ئەنقەرە لە بارەچۆنیەتی مامەڵەکردنیان لە گەڵ هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتن. بە گوتەی لاڤرۆڤ، مۆسکۆ و واشنتۆن بە شێوەی نهێنی و داخراو ،گفتوگۆکانیا ن لە بارەی سووریا دەست پێکردووە، تاکوو لە بارەی داهاتووی ئەم وڵاتە بگەنە ڕێککەوتن.

مانەوەی هێزە بیانییەکان

سەرباری بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا، دوو وڵاتی ئەورووپی ڕایانگەیاند، کە هێزەکانیان لەم وڵاتە ناکشێننەوە. سەرباری ئەوەی، کە ئەمریکا ڕایگەیاندووە، 400 کەس لە هێزەکانی لە سەر خاکی سوریا دەمێننەوە، فەرەنسا و بەریتانیاش ڕایانگەیاند، کە هێزەکانیان لە ڕۆژهەلاتی سوریا جوولّە پێناکەن و لەوێ دەمێننەوە. کۆی هێزەکانی ئەم دوو وڵاتە لە سوریا ناگاتە هەزار کەس، بەم حاڵەشەوە ڕوون نییە، کە ئایا دەیانەوێ گۆڕانکاری لە ژمارەی هێزەکانیان پێکبهێنن یان نا.

پسپۆڕێکی ئوردنی: 70٪ی قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی ئیسرائیل و جیهانی ئیسلامی لەگەڵ تورکیادایە

دوای گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە (تەلئەبیب)ەوە بۆ قودس ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان ئەو دوو وڵاتە زیادی کردووە

خەبات- مەریوان نەقشبەندی

نووسەر و پسپۆڕی ستراتیژی ئوردنی، عومەر ڕەداد بە ڕۆژنامەی خەباتی ڕاگەیاند: تورکیا زۆر ژیرانە یاری بە عەقڵی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی دەکات و بە هێزەوە ئێستا 70%ی قەبارەی ئاڵوگۆڕیی بازرگانی ئیسرائیل و هەموو وڵاتانی ئیسلامی لەگەڵ تورکیایە.

عومەر ڕەداد تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات، گوتی: تورکیا بۆ بەدەستهێنانی دەنگی موسڵمانانی تورکیا لە هەڵبژاردنەکان و بەردەوامی سەیرکردنی تورکیا وەک سەرکردەی وڵاتانی ئیسلامی لە بەرگریکردن لە کێشەی قودس و فەڵەستین ، واپیشان دەدات کە لە کێشەی ڕاستەقینەدایە لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا، بەڵام ڕاستییەکان ئەمەیە کە لەئێستادا تورکیا گەورەترین شەریکی بازرگانی ئیسرائیلە لە هەموو جیهانی ئیسلامیدا و قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوانیان نزیکەی 4 ملیار دۆلارە و ئەمەش دەکاتە 70%ی کۆی گشتی قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان ئیسرائیل و هەموو وڵاتانی ئیسلامی.

ڕەداد لە درێژەی قسەکانیدا بۆ خەبات دەڵێت: ڕەنگە خەڵکی بەستەزمانی موسڵمان نەزانێت کە قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان تورکیا و ئیسرائیل لە دوای هاتنی حزبی دادو گەشەپێدان بۆ سەرحوکم بۆ دوو هێندە زیادی کردووە، تەنانەت دوای گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکاش لە تەلئەبیبەوە بۆ قودس، قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان ئیسرائیل و تورکیا بەڕێژەی 3% زیادی کردووە، گوتیشی: ئەم شێوازەی مامەڵەی تورکیا وایکردووە جیهانی ئیسلامی و شەقامی ناوخۆی تورکیاش پرسیاری ئەوە لە ئەردۆغان و حزبی داد و گەشەپێدان نەکات ئاخۆ لە کۆی ئەو هەموو گرووپە تیرۆریستییەی کە لە ناوچەکەدایە، بۆچی تەنها کوردەکان بە تیرۆریست دەزانێت؟!





محەمەد جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران، لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام ڕایگەیاند کە ناتوانێت لە ئەرکەکەی بەردەوامبێت و هەروەها نووسیوێتی: سوپاسی گەلی خۆشەویست و ئازای ئێران و کاربەدەستە ئازیزەکان دەکەم، بۆ ئەو نەزاکەتەی لە ماوەی 47 ماڵنگی ڕابردوودا نیشانیان دا. لە ناخی دڵەوە داوای لێبووردن لە هەر ئەرکێک کە نەمتوانیبێت بەجێی بگەیەنم یان هەر کەموکوڕییەک دەکەم. بمێنن بە خۆشی. سەبارەت بەو پرسەش، جێگری گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، عەباس موسەوی، لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی ئیرنا، دەستلەکارکێشانەوەی محەمەد جەواد زەریفی پشتڕاستکردەوە.

لە کاردانەوەی ئەوەشدا سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی کرد لە دەستلەکارکێشانەوەی وەزیری دەرەوەی ئێران، محەمەد جەواد زەریف کرد. لەمبارەیەوە نووسینگەی ڕۆژنامەوانی سەرۆکایەتیی وەزیرانی ئیسرائیل سەبارەت بە تێڕوانینی ناتانیاهو لەبارەی دەستلەکارکێشانەوەی جەواد زەریف ڕایگەیاند: زەریف ڕۆیشت تا ئەو شوێنەی دەتوانێت با بڕوات. ناتانیاهو ئاماژەی بەوەشداوە زەریف لە دەستلەکارکێشانەوەیەکیدا وای نیشانداوە تا من لێرە بم ئێران چەکی ئەتۆمی بەرهەم ناهێنێت.

ئەمەش لە کاتێکدایە کە دەمێکە ئیسرائیل لە دژی ڕێککەوتنی ئەتۆمی وڵاتانی پێنج کۆ یەک لەگەڵ ئێران هەڵمەت بەڕێوەدەبات.

لە موژدەیەکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارەیەک پزیشک دادەمەزرێنێت

خەبات/ سەید فاتیح

بەرزنجی: ماوەی چەندین ساڵە بەهۆی قەیرانی دارایی‌یەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان پڕۆسەی دامەزراندنی وەستاندبوو ئەوەبوو لە هەواڵێکی مژدەبەخشدا بۆ دەرچوونی کۆلیژە پزیشکیەکان بەنووسراوی فەرمی حکومەتی هەرێم و بە واژۆی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان فەرمانی دامەزراندن بۆ بۆ 352 پزیشکی گشتی لەشارەکانی کوردستان دەرچووە. دیارە هەر بە پێی ئەو فەرمانەی ئەنجومەنی وەزیران 137 پزیشک بۆ شاری هەولێرە و 158 پزیشکیش بۆ شاری سلێمانیە و 57 پزیشکیش بۆ شاری دهۆک دادەمەزرێن بەناونیشانی پزیشکی نیشتەجێی خولاو دامەزراندنی ئەو ژمارەیەی پزیشکان کێشەی کەمی پزیشک لە ناوەندەکانی تەندروستی چارەسەر دەکات.



جێبەجێ کردنی یاسای گومرگی نوێ و گۆڕانکارییەکی کەم لە نرخی ئۆتومبێل

خەبات/ سەید فاتیح

بەرزنجی: سامال عەبدولڕەحمان بەڕێوەبەری گشتی گومرگی هەرێمی کوردستان ڕونیکردەوە: ڕۆژی 2019/2/17 یاسای پێناسی گومرگی چووە بواری جێبەجێ کردنەوە و نرخی تازەی گومرگی لەسەر ئوتومبێل لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت دیارە بەپێی یاسای پێناسی گومرگی یەککگرتووی عێراق نرخی ئوتومبێل لەبازاڕەکانی کوردستان گۆڕانکاری بەسەردا دێت تەنها هەندێ ئوتومبێلی گرانبەها بەهۆی ئەو یاسا تازەوە نرخەکانیان زۆر زیادی کردووە وەک ئوتومبێلی



جاکوارو ڕەنج ڕۆڤەرو مارسیدس و پۆرش و لیکزس نرخەکانیان گران بووە دواتر بەڕێوەبەری گشتی گومرگی هەرێمی کوردستان دەربارەی ئوتومبیلی نۆڕمالّ گوتی: ئەو جۆرەی کە هاوڵاتیان بەکاری دەهێنن و نۆرمالّن گومرگیان وەکو خۆیەتی و زیاد نەبووەو هەندێکیان گومرگیان کەمتر بۆتەوە وەک نرخی ئوتومبیلی کۆری پێشتر گومرگی بریتی بوو لە 2 ملیۆن و 300 هەزار دینارو بەڵام لە ئێستادا بۆتە هەزارو 354 دۆلار نزیکەی یەک ملیۆن و 624 هەزار دینارو ئەو جۆرەیان نرخەکەی هەرزانتر بووە بەڵام نرخی گومرگی ئوتومبێلی چوار پستۆنی ژاپۆنی مۆدێل 2019 گومرگەکەی بریتی بوو لە دوو ملیۆن و 300 هەزار دینار و بۆتە هەزارو 800 دۆلار و نرخی ئوتومبیلی چوار پستۆن گومرگەکەی هەرزانتر بووە.

لە لقی 24ی سەفینی لەسالێیادی 66یەمین ساڵەی دامەزراندنی (ی.ق.ک) مەڕاسیمێکی ڕێزلێنان ڕێکخرا

ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2019/2/26 لەهۆڵی شەهیدانی لقی 24ی سەفینی پارتی، بەئامادەبوونی (هیوا ئەحمەد مستەفا) ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی 24ی سەفینی پارتی و بایز زراری ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەولێر و ئامادەبوونی سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان و بەرپرسانی حزبی و حکومی و مامۆستایانی ئاینی و مامۆستایان و قوتابیان، لقی سەفینی یەکێتی قوتابیانی کوردستان هەڵسا بە ئەنجام دانی مەڕاسیمێکی ڕێزلێنان لەشەهیدانی یەکێتی قوتابیان لەسنووری شەقلاوە و بەرپرسانی لق و ناوچەکانی یەکێتی قوتابیان لەسنووری هەردوو قەزای شەقلاوە و کۆیە و هەروەها ئەو هونەرمەند و گۆرانیبێژانەی کە مەڕاسیمەکەیان بەدەنگە خۆشەکەیان ڕازاندەوە خەلات کران.

بەرپرسی لقی دوو: مامۆستایان دەتوانن ئەو نەوەیە دروست بکەن و ببنە هێزی بونیاتنانەوە و پێشخستنی وڵات



لە سەردانی کردنی ئامادەیی ئازادی لەشاری هەولێر، بەرپرسی لقی دوو دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە مامۆستایانن دەتوانن ئەو نەوەیە دروست بکەن و ببنە هێزی بونیاتنانەوە و پێشخستنی وڵات. ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری محەمەد خەلیل و سەنگەر کانەبی کارگێڕانی لق و موفەق پیرداود بەرپرسی لێژنەی ناوچەی ئاراس، سەردانی ئامادەیی ئازادی کۆڕانی کرد و لەلایەن بەڕێوەبەر و مامۆستایانەوە پێشوازیان لێکرا. لەو سەردانەدا بەرپرسی لقی دوو ستایشی بەڕێوەبەر و مامۆستایانی قوتابخانەکەی کرد کە توانیویانە بەهۆی بەرزی ئاستی زانستیان ناوێکی باش دروست بکەن، سەرباری دروستکردنی نەوەیەک لە بونیاتنەرانی وڵات و ئەوانەی دوێنێ لە قوتابخانەکە قوتابی بوون و ئەمڕۆ خزمەت بە وڵاتەکەیان دەکەن و ڕۆڵیان لە بونیاتنان و پێشخستنیدا هەیە، سوپاسیشی کردن لەوەی توانیویانە ئەرشیفێکی گرنگی قوتابیان بپارێزن کە وەک میژوو ماوەتەوە. پاش بەسەرکردنەوەی پۆل و بەشەکانی قوتابخانەکە، بەرپرسی لقی دوو خەلاتی ڕێزلێنانی بەخشیە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە لە بەرامبەر دڵسۆزیان بۆ داهاتووی وڵات و ئەو نەوانەی چاویان لە زانست و مەعریفەی ئەوانە.

حکوومەت بڕیاری داوە نەوت نەدرێت بە پاڵاوگە نایاساییەکان و دادەخرێن

نوێنەری بەڕێوەبەرایەتیی ژینگەی هەولێر دەڵێ، کارکردن بۆ داخستنی پاڵاوگە نایاساییەکان بەردەوامە و حکوومەت بڕیاری داوە نەوت نەدرێت بەو پاڵاوگانە، بۆیە بەشێکی زۆریان بە هۆی ئەو بڕیارەوە خۆیان پاڵاوگەکانیان داخستووە.

ئەنوەر عەبدوڵڵا نوێنەری بەڕێوەبەرایەتیی ژینگەی هەولێر بۆ داخستنی پاڵاوگەکان دەڵێ: کە لە سنووری هەولێر 130 پاڵاوگە هەن و لە کۆی ئەو ژمارەیە تەنیا 18 پاڵاوگە دەمێنن و ئەوانەی دیکە هەموو دادەخرێن، دواتریش لیژنە سەردانیان دەکات و هەر یەکێک لەوانەش ڕێنماییەکان نەیگرێتەوە، ئەویش دادەخرێ، بۆیە وەک هەنگاوی یەکەم بۆ داخستنی ئەو پاڵاوگانە، حکوومەت بڕیاری داوە نەوتیان پێ نەدات بۆ ئەوەی کار نەکەن و بەو هۆیەشەوە ژمارەیەکی زۆر لەپاڵاوگەکان داخراون.



ئەنوەر عەبدوڵڵا گوتیشی: بڕیاری داخستنەکە ئەوانەش کە لە شوێنی دیکە نەوتیان دەست دەکەوێت، چونکە ژینگەی سنووری هەولێریان تێکداوە و لەسەر ماستەرپلانی سەوزایی هەولێر کە 25 کم لە سنووری شارەوانییە بێ مۆڵەتەکانی حکوومەت دروست کراون، بۆیە ئەوانەی دادەخرێن قەرەبووش ناکرێنەوە، چونکە مۆڵەتیان نییە بۆ دروستکردن تا قەرەبوو بکرێنەوە.

وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتیی لەمەودوا دەبێ داواکاریی مۆڵەتی بەخێوکەر لە ڕێگەی ئێمەوە مۆڵەت بدرێت

لە نووسراوێکدا وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتیی باس لەوە کراوە، لەمەودوا بە چ شێوەیەک مۆڵەتی بەخێوکەری کەمئەندام بدرێتە فەرمانبەران.

نووسراوەکە دەڵێ: بە مەبەستی کەمکردنەوەی ڕۆتین بۆ ئەو فەرمانبەرانەی مۆڵەتی بەخێوکەر وەردەگرن و بۆ ڕێگەگرتن لە هەبوونی ژمارەیەکی زۆری ئەو مۆڵەتە، دەبێ داواکاریی مۆڵەتی بەخێوکەر ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی سەر بە وەزارەت کاروکاروباری کۆمەڵایەتیی بکرێت و دەبێ لەمەودوا لە ڕێگەی ئێمەوە مۆڵەت بدرێت.

دوای لێکۆڵینەوە لە داواکارییەکان بەپێی ڕێنمایی هەردوو وەزارەتی کارو دارایی و ئابووری بۆ وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بەرز دەکرێتەوە و بڕیاریان لەبارەوە دەدرێت.

سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان لە نووسراوێکیدا داوای کردووە بۆ شێوازی پێشکەشکردنی مۆڵەتی بەخێوکەر دەبێ کار بە نووسراوەکەی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بکرێ.

شایانی باسە زیاد لە 90 هەزار کەم ئەندام لە هەرێمی کوردستاندا بوونیان هەیە، کە بەشێک لەوانە پێویستیان بە دایک و باوک یان کەسێک هەیە بۆ بەخێوکردنیان و چاودێری کردنیان.

هەروەها د. ڕێکەوت حەمەڕەشید، وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بەوەکالەت بە باسی ڕاگەیاند، دەیانەوێت ئەو مۆڵەتانەی بە ناوی بەخێوکەر دەدرێت، ڕێک بخرێنەوە.

هەروەها بەپێی ڕێنماییەکان، فەرمانبەرێک بۆ بەخێوکردنی یەک کەم ئەندام، مووچەکەی خۆی بۆ خەرج دەکرێت و سەرمووچەی سالانە و پلە بەرزکردنەوەشی بۆ بەردەوام دەبێت،ئەگەر بۆ دوو کەمئەندام بێت، ئەوە مووچەیەکی تری بە کەمتر لە 150 هەزار دینار بۆ خەرج دەکرێت. جەختیش کراوەتەوە، هەر بەخێوکەرێک مووچە و مۆڵەتی پێ بدرێت و کار و ئەرکی خۆی جێبەجێ نەکات، جگە لەوەی مووچەکەی دەبڕدرێت، سزایەکی داراییش دەدرێت کە لەنێوان 500 هەزار تاوەکوو یەک ملیۆن دینار دەبێت.

بەئامادەبوونی وەزیری ئەوقاف مەراسیمی دەرچوونی خولی سێیەمی پەیمانگای کوردستان بەڕێوەچوو



دوێنێ سێ شەممە 2019/2/26بەئامادەبوون ی دکتۆر پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەوەکالەت و دکتۆر بشیر خلیل حداد جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و دکتۆر دیار جباری بەرێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەت و دکتۆر عەبدوڵلا گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی مامۆستایان و بەشدار بووانی مەراسیمی دەرچوونی خولی پێنجەمی پەیمانگای کوردستان بۆ ووتار خوێنان بەڕێوەچوو. سەرەتای مەراسیمەکە بەخوێندنەوەی چەند ئایەتێک لە قورئانی پیرۆز دەستی پێ کردو دواتر لەوتەیەکدا وەزیری ئەوقاف پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی مامۆستایانی ئایینی بەڕێزی وتارخوێن کرد بەبۆنەی وەرگرتنی بڕوانامەی پەیمانگای کوردستان دواتر ئاماژەیدا بەگرنگی کردنەوەی پەیمانگای کوردستان بۆ بەرەوپێش بردنی ئاستی زانستی و شەرعی مامۆستایانی بەڕێزە هەروەها گرنگی دانی زێترە بەبواری وتار بێژی و خستنەڕووی سەرجەم ئەو بابەتەنایە کە وتاربێژان کە ئامانجی سەرەکی بەرەوپێش بردنی ئاستی زانستی و شەرعی مامۆستایانی بەڕێزە هەروەها گرنگی دانی زێترە بەبواری وتار بێژی و خستنەڕووی سەرجەم ئەو بابەتەنایە کە خزمەت بەبواری شەرعی و ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەکەن. جگە لەمەش قوڵکردنەوەی گیانی خۆشەویستی نێوان هەموو پێکهاتەکانی کوردستان و رەنگ دانەوەی لەنێو ووتاری ئایینی، وەزیری ئەوقاف رایگەیاند کە هەموو پشتیوانیەکی پەیمانگای کوردستان دەکەین بۆ ئەوەی سەرجەم مامۆستایانی ئایینی بەشدار تێدا بکەن و تەئکیدی کردەوە کە لەداهاتوودا گرنگی زێتر دەدەنە پەیمانگای کوردستان بەکردنەوەی لق لە پارێزگاکانی تر و گرنگیدان و زیادکردنی بابەتی خوێندن و پێشخستنی ئاستی زانستی و هێنانی مامۆستای پێویست لەگەڵ پێش کەش کردنی باشترین خزمەت بۆ بەشداربووان دواتر بروانامەی دەرچوون بەخشرایە قوتابیان و بڕوانامەی رێزلێنانیش بەخشرایە مامۆستایانی پەیمانگای کوردستان.

بەڕێسی لقی ئێک هاریکاریا و گوهداریا خواست و داخوازییێن مالباتێن شەهید دکەت



ژبۆ گەهاندنا هاریکاریا و گوهداریا خواست و داخوازییێن مالباتێن سەربلندێن شەهیدا بەرێز سەربەست تروانشی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسی لقا ئێک ب یاوەریا بەرپرسی نڤێسینگەها شەهیدا یا لقی ئێک دگەل هەژمارەکا مالباتێن شەهیدا ل سنوری لیژنا ناوچا ئالا کومبۆ ، ئەڤە و دڤی رینشتنێدا بەرپرسی لقی گوت هەرخێرو بێرەک لسەر ڤی شورەی پۆلاین کە هەمیشە خزمەت دەکەین ئێمە وەک یەکێتی لاوان هەوڵ دەدەین داخوازییەکانی لاوان بەدی بهێنین و تێبکۆشین لە پێناو مافەکانیان چ لە ئۆرگانەکانی حزب بێت یان لە حکومەت بتوانن خزمەت بکەن.

شانازییە بۆ ئێمە کە لە رێکخراوێکین توانیوەتی بە دەیان سەرکردە بۆ داهاتوو دروست بکات و قوتابخانەیەکە بۆ لاوانی ئاخی بهێتە دی ل سایەیێ خۆینا عزیزێن هەوە بویە و ئەم خو ب شەهمزار دبینین کۆ هەتا نوکە ئەم نەشیایینە ب دروستاهی حەز و هیڤییێن کورو کچێن شەهیدا ب جهـ بینین و هەر دەما ئەم ب دیدارا هەوە شاد ببین ئەم خو ب بەختەوەر دبینین ، ئەڤ هاریکاریێن ئەم پێشکێشی هەوە دکەین و دیسان چارەسەریا نەخوشێن هەوە دکەین ئەرکەکی زور کێمە ئەم لسەر ملێن خو رادکەین لی هەمو پلانێت مە ئەون ل دیف شیرەت و ئاموژگاریێن جەنابی سەروک بارزانی کۆ ئەم پتر بشێن خزمەتا مالباتێن هەوە پێن عزیز بکەین .

ناوەندی باڵای دەشتی هەولێری یەکێتی لاوان ڕێز لە خەباتی کادیرانی کۆنی دەگرێت



خەبات:تریفە ئازاد: لە یادی 18ی شوبات 66مین سالیادی دامەزراندنی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە بارەگای لقی 16 و بە ئاماده بوونی بلند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16 و مەیسەر عوبید سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسانی حزبی و حکومی ناوەندی باڵای دەشتی هەولێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان هەڵسا بە ڕێزلێنان لە خەباتی بەشێک لە کادیرانی کۆنی یەکێتی لاوان کە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لەم ڕێکخراوە خزمەتیان کردووە، سەرەتا لە لایەن سەفین کاویس بەرپرسی ناوەندی باڵای دەشتی هەولێر بەخێرهاتنی میوانان کراو تیشکی خستە سەر خەبات و ڕۆڵی ئەو کادیر و بەرپرسانەی کە لە پێشوو خزمەتیان بەم ڕێکخراوە کردووە و ئێستاش لە پلەی جۆراو جۆر خزمەت دەکەن چ لە ئۆرگانەکانی حزب چ لە ئۆرگانەکانی حکومەت، دواتر شالاو مەلا ئەمین وتاری لقی 16ی پێشکەش کردو تێدا ئاماژەی بە ڕۆڵی گرینگی یەکێتی لاوان کرد لە سنوری دەشتی هەولێر کە لە هەموو قۆناغە جیاجیاکان ئەرکی خۆیان ڕاپەراندووە و پێشمەرگە ئاسا لە سەنگەری بەرگری بوونە بۆ خەبات و بەرگری کردن ئەمرۆش لێرە ڕێز لە خەباتیان دەگیرێت بە مانای ئەوەی کە ئەوان هەمیشە لاون و زیاتر دەیانەوێت لە ئۆرگانی حزب خزمەت بکەن چونکە ئەوان لە قوتابخانەیەکی مەزن گەورە بوونە و شورەی پۆلاینین بوونە لە هەموو سات و کاتێکدا. دواتر مەیسەر عوبید سکرتێری یەکێتی لاوان وتارێکی پێشکەش کرد و گوتی: ئەمڕۆ ئێمە لەم سنوورە ڕێز لە کۆمەڵێک خەباتکاری ڕێکخراوێک دەگرین کە تا دوێنی لە نێو ئەم ڕێکخراوە شەو و ڕۆژ کاریان دەکرد بۆ ئەوەی پێبگەن و بگەن بە لوتکە لە داهاتوو زیاتر خزمەت بکەن. جێگای سوورەکە و سیمینارێک لەبارەی مێژووی وەرزش لە شاری کەلار و ئەنجامدانی ماراسۆن و پیشاندانی فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری لەسەر شاری کەلار و ژمارەیەک چالاکیی دیکە. ئەوەشی خستەروو، ئەمسال ڕۆژێک یادەکە پێش خرایە چونکە چالاکەکان زیاتر لەڕاگەیاندراوێکدا بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پشدەر لەدەڤەری ڕاپەرین رایدەگەیەنن ، ئەگەرچی لە ئێستادا ڕاوکردنی ماسی بە پێی ڕێنماییەکان و تەنها بە بەکارهێنانی (تۆڕ و قولاپ) ڕێگە پێدراوە و لەبەرامبەردا بەکارهێنانی هەموو جۆرەکانی (تەقەمەنی و تەزووی کارەبا و ژەهر) لە هەموو کات و ساتێکدا کوالیتی کۆنترۆشۆڵی دەرمان و نەبوونی مۆڵەتی فەرمی و مەرجەکانی تەندروستی3 شوێنی فرۆشتنی گیادەرمانی داخران و دەستیش گیرا بەسەر بڕێکی زۆری دەرمانی قاچاغ و بی ستیکەرو قەدەغەکراو. شایانی باسە لە چوارچێوەی کارو چالاکیەکان و بەدوا داچوونەکانی قایقامیەتی هەولێرو بەشی پۆلیسی شارەوانی بەهاوکاری سەندیکای پزیشکان و بەهۆی نەبوونی مۆڵەتی فەرمی دوو نۆرینگەی پزیشکی لە گەڕەکی هەولێری نوی و کۆمەڵگای شاوێس داخران بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ.

لەلایەن لیژنەی بەدواداچوون و چاودێری دەرمانەوە دوو کارگەو 3 شوێنی فرۆشتنی گیا دەرمانی داخران



خەبات/ سەید فاتیح بەرزنجی: بەسەرپەرشتی نەبەز عەبدولحەمید قایقامی قەزای ناوەندی هەولێر دوێنی لەلایەن لیژنەی بەدواداچون و چاودێری دەرمان کە پێکهاتبوو لە بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوانی ڕێکخراو سەر بەئاژانسی پاراستن و کوالیتی کۆنترۆڵی دەرمان و قایقامیەتی هەولێر و بەشی پۆلیسی شارەوانی تونرا پشکنین بۆ 5 شوێنی فرۆشتنی گیادەرمانی ئەنجام بدرێ لە سەنتەری شاری هەولێر و ناحیەی کەسنەزان و لەچوارچێوەی ئەو بەدوا داچوونەشدا بەهۆی پابەند نەبوونیان بەڕێنماییەکانی

4 هاووڵاتی لەکاتی ڕاوکردنی ماسی دەستگیرکران

لەراگەیاندراوێکدا بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پشدەر لەدەڤەری ڕاپەرین رایدەگەیەنن ، ئەگەرچی لە ئێستادا ڕاوکردنی ماسی بە پێی ڕێنماییەکان و تەنها بە بەکارهێنانی (تۆڕ و قولاپ) ڕێگە پێدراوە و لەبەرامبەردا بەکارهێنانی هەموو جۆرەکانی (تەقەمەنی و تەزووی کارەبا و ژەهر) لە هەموو کات و ساتێکدا قەدەغەیە و ڕێگە پێنەدراوە. ئاماژە بەوەش دەکەن لەئاکامی دەرچونی مەفرەزەکانی سنوری بەشی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پشدەر لە خاڵی چاودێری پڕۆژەی ئاوی خاس لەسنوری پشدەر توانیان (4 چوار) ڕاوچی لەکاتی ڕاوکردنی ماسی دا دەستگیر بکەن. شایانی باسە کەوا ئەو هاووڵاتیانە بەشێوازێکی نایاسایی و بە بەکارهێنانی تەزووی کارەبا ماسییان ڕاو کردوە.

ڕاشیدەگەیەنن، دوای دەستگیرکردنیان دۆسیەی لێکۆڵینەوەیان بۆ ڕێکخراوە بەبڕیاری دادوەری لیکۆڵینەوە خۆیان و سەرجەم کەل و پەلە بەکارهاتووەکان ڕاگیراون کەپێک هاتوون لە (2) مۆلیدەی کارەبای و (2) کەڵەک چوپ و (4) شۆرت وایەر، لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا بەردەوامە.

کەلار لە یۆبیلی زێڕینی نزیک دەبێتەوەو یادی 49هەمین فستیڤاڵی سالیادی ڕۆژی کەلار بەڕێوەدەبات



خەبات/ سەبریە یوسف: بە چاودێریی سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان و سەرپەرشتی قایقامی شارۆچکەی کەلار و بە دروشمی بەرەو یۆبیلی زێڕینی کەلار لیژنەی باڵای یادی کەلار 49هەمین فێستیڤاڵی سالیادی ڕۆژی کەلار بەڕێوەدەبات. لەو بارەوە شەهاب حاجی ئەحمەد قایقامی شارۆچکەی کەلار لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسیدا کەخەبات ئامادەیبوو ، ڕایگەیاند بە چاودێری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان و سەرپەرشتی قایقامی قەزای کەلار و بە دروشمی بەرەو یۆبیلی زێڕینی کەلار، لیژنەی باڵای یادی کەلار ڕۆژانی 27. 2019/2/28 چل و نۆهەمین فێستیڤاڵی سالیادی ڕۆژی کەلار بەڕێوە دەبات. وتیشی لە فێستیڤاڵەکەدا ژمارەیەک چالاکیی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێن، وەکوو چاپکردنی بلاوکراوەیەک بەناوی یادی کەلار، ئاهەنگی گۆرانی و مۆزیک و شانۆ و کۆڕی شیعری بۆ شاعیرانی میللیی لەسەر شاری کەلار و ژمارەیەک چالاکیی دیکە. ئەوەشی خستەروو، ئەمسال ڕۆژێک یادەکە پێش خرایە چونکە چالاکەکان زیاتر لەڕۆژێک دەخایەنن و مەنەبەستمان بووبەشداربوانی قیستیڤاڵ بۆهەینی پشووبدەن.

کەلار ناوەندی کارگێڕیی ئیدارەی گەرمیانە، بە دووری 140 کیلۆمەتر دەکەوێتە باشوری خۆرئاوای شاری سلێمانی، 200. 360 مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە، ژمارەی دانیشتوانەکەی بەپێی فۆرمی خۆراک زیاتر لە 265هەزار کەسە، لە 1970/2/28 و لە سەردەمی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر، سەرۆک کۆماری ئەوکاتەی عێراق کراوە بە قەزاو ماوەی چوار ساڵە قیستیڤاڵی بۆڕێک دەخرێ.

نەخۆشخانەی بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی دەکرێتەوە



حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بڕیاری دا پێش 3/16ی ئەمسال، کە ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجەیە، نەخۆشخانەی بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی بە ڕووی بەرکەوتواندا بکاتەوە. وەزیری تەندروستیی ڕایگەیاند: بڕیار دراوە کەوا پێش بەروارى 2019/3/16 نەخۆشخانەی بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی لە پارێزگای هەڵەبجە بکرێتەوە ، کە هاوکاتە لەگەڵ ساڵیادی ڕۆژی کیمیابارانکردنی ئەو شارە.

لە ئێستادا تەنیا دابینکردنی نەسریبەی مانگانە ماوە بۆ نەخۆشخانەکە، کە ئێستا لە بەردەست وەزیری داراییە و بۆ خواردن و پاکڕاگرتنی نەخۆشخانەکە تەرخان دەکرێت.

وەزیری تەندروستی ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە پزیشکانی پسپۆڕمان بۆ نەخۆشخانەکە دامەزراندوون، وەک پزیشکی هەناو و چاو و پێست، هەروەها زیاتر لە290 کارمەند بە گشتی بۆ نەخۆشخانەکە دامەزرێنراون.

هاوسەرگیری پێکەوەبوونە یان هاوبەشیکردنە لە ژیان؟

راپۆرت/ ژیلا کەریمی

هاوسەرگیری واتە هاوبەشیکردنی ژیان لە نێوان دوو کەس لە هەموو بوارێکدا. واتا ئەو دوو کەسەی بەناوی هاوسەر پەیمان دەبەستن هەڵگری گەلێک بەرپرسایەتین و رێگەیەکی ژیانی هاوبەشیان هەڵبژاردووە تا بەیەکەوە و بە یەک دڵ رووبەڕووی کێشەکان ببنەوە و برینەکانی یەکتر سارێژ بکەن، بەڵام هەیە ئەو دوو کەسە لە ژێر یەک میچ دەژین بەڵام بە سەدان کیلۆمەتر لێک دوورن. ئەزموونی ئافرەتان لە ژیانی هاوبەشیان لەو راپۆرتە دەخەینەڕوو. ئافرەتەکان بە مەرجی پاراستنی ناو ئامادەبوون راشکاوانە قسە بکەن:



لەنجە محەمەد سالاتێک پەسەر هاوسەرگیرییەکەیدا تێدەپەڕێت و دەڵێت: کاتی ئێمە هاوسەرگیری وەک ئێستا نەبوو تەنیا بڕیاردەر لە ماڵەوە پیاو بوو و ئافرەت تەنیا کاری ماڵەوە و منداڵەکانی بەڕێوەدەبرد. بە پێکەنینەوە دەڵێ نە تێگەیشتن هەبوو نە گەلەیی و جیابوونەوە. کە هاوسەرگیریت دەکرد ئێستر هەموو شتێک تەواو دەبوو سەرەتا مێرد و دواتریش خەسوو دەسەڵاتدار بوو. ڕۆیشتن و گەڕان و هەر داواکارییەک دەبوایە ڕەزامەندی چەند کەسێکی لەسەربێت.

ئارەزوو گەنجێکە وەک دەڵێ بە دڵی خۆی هاوسەری ژیانی هەڵبژاردووە و باس لەوە دەکات کە: سەرەڕای ئەوەیکە بە خۆشەویستی هاوسەرگیریم کردووە و هەستم دەکرد زۆر سەرکەوتوو دەبم، بەڵام کێشەیەکی زۆر گەورەم هەیە ئەویش دووربوونە لە هاوسەرەکەم. ئێمە تەنیا بەیەکەوە دەژین ئەگینا لە هیچ شتێک را و تێبینی من وەرناگرێت. تایبەت ترین بابەتەکانی ژیانم دواتر لە خەڵکانی زۆر بێگانە دەبیستم. ڕاوێژکردن لە مانی ئێمە زۆر بێگانەیە و هاوسەرم بە تەنیا بڕیار دەدات. زۆر ڕێگەم تاقیکردۆتەوە بۆ نزیکبوونەوە بەڵام سەرکەوتوو نەبووم. ئەو دوور بوونی فیکرییە ساردی زۆری خستووەتە پەیوەندییەکەمان و زۆرجار هەستدەکەم هاوسەرم زۆر بە ئاسایی وەردەگرێت.

وەنەوشە قوتابی زانکۆیە و ساڵێکە لەگەڵ کوڕەپوورێکی ژیانی هاوسەری پێکهێناوە و دەڵێت: هەستمدەکرد زۆر باشی دەناسم بەڵام ناسینی وەک کوڕی پوور و بوون لەگەڵی وەک هاوسەر زۆر جیاوازبوو. لەبەر شەرمەی خزمایەتی و بە حورمەتی خزمان زۆر هەوڵمدا ژیانم بپارێزم بەڵام سەرکەوتوو نەبووم. هاوسەرەکەم تەواوی خۆشی و پشووەکانی لەگەڵ هاوڕێکانی بەسەر دەبرد و کاتێک پێکەوە دەبووین مات و خەمبار دادەنیشت. مەحاڵ بوو دانیشتنێکی هاوڕێیانی بۆ بوون لەگەڵ ئێمە پەکبخات. حەزمەدکرد بەیەکەوە بڕۆینە بازار، بچینە پارک و کات لە چێشتخانە و سەفرە بەسەر بەرین و وابزانم وەک گەنجێک مافی خۆم بوو، بەڵام بەداخەوە هاوسەرم هەموو ئەوانەی لەگەڵ هاوڕێکانی ئەنجامدەدا و کاتێک گلەییم دەکرد دەیگوت ئەوە پارە خۆت لەگەڵ خوشکەکانم یان هەرکەسێک پێتخۆشە بڕۆ.

شیراز مامۆستایە و بۆ سەرووی چارەگە سەدەیەک دەڵێت هاوسەرگیری کردووە و ڕایوایە کە: متمانە گرنگترین پێوەرە بۆ ئەوەیکە بڵێی لەگەڵ هاوسەرت هاوبەشی و هاوسۆزی. باس لە ژیانی خۆی دەکات کە متمانە گلەیی هەیە کە بۆ فلانە کەس زۆر بە گەرمی لەگەڵت قسە دەکات. شیراز دەڵێت من ئافرەتی کارم و لەگەڵ جەماوەرێکی زۆر تێکەڵیم هەیە بە هەر دوو ڕەگەزەوە و وەها تووشی دارووخانی کەسایەتی بووم کە لە هاوسەرەکەم نازانم چۆن ڕەفتار بکەم و بەداخەوە ئەو ڕەوتە هەر دەڕوا و خراپتر دەبێت.

نێرگز خاتوونێکی وردبین و لەسەرەخۆ گوتی: کێشەی ژیانی هاوبەشی من کە وادەکات هەست بە ئاسوودەیی نەکەم زوو هەڵچوونی پیاوەکەمە. واتا بێ بیرکردنەوە خوا نەکا شتێک دڵی ڕەنجاندبێت هیچ شوێن و کات و سات ناناسێت لە لای هەر کەس بێت وەهات شەرمەزار دەکات کە ئیتر شکانەوە و دڵگرانی نا بەڵکو کەسایەتیت دادەڕمێنێت. بە دیان جار هاوڵمداوە تێبینیگەیەنم کە ژیان و کێشەکانی ئێمە تایبەتن بە خۆمان. لای خزم بێت، ناسیاو بێت یان هاوڕێ و دۆست، تەعزیبە بێت یان شایی و سەفرە و میوانی کە شتێک دڵی تووندکرد ڕاست بێت یان هەڵە ئەوا پاراستن نییە یەکسەر دەربەدەبڕێت بە شێوەیەک کە تەواوی ئەوانەی دەورامبەر تێدەگەن. هەرچی من زیاتر هەوڵدەدەم داپۆشم و بێدەنگ بم و دواتر قسەی لەسەر بکەین ئەو بێ سڵکردنەوە لەوەیکە چ هەڵێکی ئیستغلال کردن دەداتە هەندێ کەس بەردەوام دەبێت. سەیرەکە لەوەدایە دواتر کە دەبێت قسەبکات و کێشەکە شی بکەینەوە بە دیان ڕۆژ بێدەنگی هەڵدەبژێرێت و قسە ناکات و زۆر بەوە دڵگرانم چونکە کاریگەری لەسەر باری دەروونی منداڵەکانیش کردووە.

نەزیهە پاس لە خۆشەویستی هاوسەرەکەی دەکات و هەروەها ئەوە دەخاتەڕوو کە ئەوان تەنیا لە ژێر سەقفێک دەژین و بە دیان کیلۆمەتر لەیەکتر دوورن و دەڵێ: من ژیانی هاوسەرگیری بە تەسلیم بوونی لایەنێک نابینم واتا هەندێ ئافرەت یان پیاوم بینیوە زۆر ڕەزامەندن لە ژیانی هاوبەشیان بەوەیکە لایەنی بەرامبەر لە قسەیان دەرناچێت و تەواو بە دڵی ئەو هەڵسوکەوت دەکات کە ئەوە بە پێچەوانەوە لای من واتا مەرگی لەسەرەخۆ، چونکە مەحاڵە ئەوی تەسلیم بووە هەست بە بەختەوەری بکات. هاوسەرگیری واتا قبوڵکردنی یەکتر بە ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان. بۆ وێنە من ڕەنگە زۆر هەڵسوکەوتی هاوسەرەکەمم لا پەسەند نەبێت، بەڵام ئەوەندەش لایەنی باشی هەیە کە بە هۆیەوە بتوانم ئەو ڕەوتارانەشی لێ قبوڵ بکەم و وەک جیاوازییەکی نێوان دوو کەس لە دوو خێزان و پەروەردەی جیاواز قبوڵ بکەم، بەڵام هاوسەرم ڕێک پێچەوانەیە. من یان منداڵەکان هیچ کێشەیەکمان نییە و بێ ئاژاوە دەژین تا ئەو کاتەی لەگەڵ ستانداردەکانی هەڵسوکەوت دەکەین، بەڵام لەگەڵ دەربڕینی هەر ڕایەکی جیاواز قیامەت هەڵدەستێت.

ئەوەی لەو ڕاپۆرتە خراوەتەڕوو تەنیا کێشەکانن و مەبەستمان پیشاندانی ڕووی خراپی ڕەگەزی پیاو نییە. ئەو ڕەفتارانە دەکرێت بە پێچەوانە و بە پلەی جیاوازتر لە ئافرەتیشدا هەبێت و گەر ڕاپۆرتێکی هاوشێوە بۆ پیاوان بکرێت ئەوانیش گازندەی خۆیان دەربڕن، بەڵام مەبەستمانە بڵێین دەکرێت زۆر ئاسوودەتر و هیمنتر بژین بە تەنیا کەمێک لێبووردەیی و لێکتێگەیشتن کە ڕامبوایە لەوبارەوە زیاتر ئافرەتمان لێبووردەن و خۆیان دەگونجێنن. با ئەوە بکەینە وانەی ژیانمان کە هاوسەرگیری تەنیا ئەوە نییە دوو کەس کۆبکاتەوە بەڵکو دەبێت ئەو دوو کەسە لەپاڵ یەکتر هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی بکەن.



چەند خاڵێکی گرنگ
بۆ ئافرەتانی دووگیان لە زستاندا

ئافرەتی دووگیان پێویستی بە چاودێری و ئاگەداربوونی تایبەت هەیە تا بتوانێت قۆناغی دووگیانی بە سەلامەت و تەندروستی خۆی و کۆرپەلەکەی بە باشی تێپەڕێنێت. بێشک تەندروستی دایکێکی دووگیان واتە تەندروستی کۆرپەلە، بۆیە ئاگاداری ئەو ڕێنماییانە بن:

ئاگادار بن نەخۆش نەکەون: لە زستاندا ئەگەری توشبوون لە پەسیو زیاترە و گەر لە کاتی دووگیانی تووشی ئەو نەخۆشییە بن ئەگەری دڕێژخایەن بوونی نەخۆشییەکەتان زیاترە. ئاوی زۆر بخۆنەوە و خواردنەکانتان دەوڵەمەند بکەن بە ڤیتامینات و کانزاکان.

ئیستڕاحەتی بەردەوام و ڕێک: کاتی دووگیانی جگە لە وەرزش، حەسانەوە لە پێویستییەکانە. گرژی ماسولکەکان بە تایبەت لە سێ مانگی کۆتایی سروشتین. د

جلی گونجاو: بە تایبەت لە وەرزی زستاندا بۆ پاراستن لە کەشی سارد پێویستە. هەروەها دەبێت جلێکی ئاسوودە بپۆشن تا تووشی حەساسییە و خوران نەبن.

پێستتان لە بەرامبەر سەرمادا بپارێزن: پێستی وشک هۆکاری خوراندە بۆیە دەبێت هەوڵ بدەن پێستتان نەخورێنن چونکە خوراندەکە زیاتر دەکات و برین دروست دەکات. ئەگەر پێستتان وشکە حەمام بە ئاوی گەرم بگەیەنن کەمترین ئاست و لە کرێمی شێدارکەرەوە کەڵک وەربگرن.

پێڵاوی گونجاو: پێڵاوی ئێوە جگە لەوەی کە دەبێت قاچتان گەرم ڕابگرێت پێویستە پاشنەی بەرز و تەسک نەبێت. دڵنیا بنەوە ژێری پێڵاوتان بۆ سەر سەهۆڵ و شەختە گونجاوە و پێش لە خلیسکان دەگرێت. هەوڵ بدەن لە مانگەکانی کۆتایی دووگیانی بەتەنیا نەچنە دەرەوە.



گیراوەیەکی سروشتی بۆ لابردنی زیپکەی دەموچاو

پێستێکی ساف و بێ زیپکە و دەرەوشاوە لای ئافرەت گرنگییەکی تایبەتی هەیە و بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پێویستە هەندێ ڕێنمایی لەبەرچاو بگیردرێت. بۆ لابردنی زیپکە دەموچاو پێویستە لە خووەکانی خواردنی ڕۆژانە وەک خواردنە خێراکان، سووکراوەکان، ئاوی میوەی ناسروشتی و بەرهەمە شەکرییەکان، کحول و کافێئین خۆتان بەدوور بگرن چونکە هەمووی دەبنە هۆکاری دەردانی زیپکە لە دەموچاوتان. لە لایەکیتر بەکارهێنانی ماسک و بەرهەمە سروشتییەکان دەتوانن لەو بارەوە یارمەتیتان بدەن. بۆ لادانی زیپکە دەتوانن بە شێوازی خوارەوە و بە شێوەیەکی تەواو سروشتی چارەسەری زیپکەکان بکەن. شێوازی ئامادەکردن: دوو کوپ کەلەرمی مۆر، دوو نێرتکی کاهوو، خەیارێکی بچوک و دوو تەماتە بە میکسەر تەواو تێکەڵ بکەن و ڕۆژانە ببخۆنەوە. لەبیرمەکەن پێویستە لەگەڵی ئاوێکی زۆر بخۆنەوە و دڵنیا بن زۆر زوو ئەنجامەکەی دەبینن.

هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتانی بەساڵاچوو بۆ خۆدزینەوە لە سەربازی



ئا/ لایەڕەی ئافرەت:

لە وڵاتی ئۆکرانیا بەمدواییە بۆ خۆدزینەوە لە خزمەتکردن لە سوپا کە دوو ساڵە، پێیان باشترە هاوسەرگیری لەگەڵ دایەگەورەکان بکەن.

لە نوێترین حاڵەتدا گەنجێکی 22ساڵان لەگەڵ ئافرەتێکی بە تەمەن گەورە هاوسەرگیری دەکات تا نەچێتە سەربازی. باوکی زاوا پشتگیری دەکات و دەڵێت ئەوە بپیاری خۆیەتی و هەموو کارەکان بە یاسایی کراوە. بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی سەربازی ئەو وڵاتە ئەو گەنجەی ئاگەدارکردووەتەوە کە دەبێت لانیکەم بۆ ماوەی پێنج ساڵ خزمەتی ئەو هاوسەرە پیرەی بکات و دەبێت ئەو ئافرەتە بە تەندروستییەکی باش زیندوو بمێنێت ئەگینا تا بەر لەگەیشتنی بە تەمەنی 27ساڵی دەبێت بچێتە نێو سوپاوە. بەردەوامبوونی شەڕەکانی نێوخۆی ئۆکرانیا کە لە 2015وە تا ئێستا بەردەوامە بۆتە هۆی نیگەرانی گەنجانی ئەو وڵاتە و بنەماڵەکانیان لەوەیکە هەرچۆنێک بێت نەچنە ڕیزەکانی سوپاوە و پێیان باشترە تا بەو جۆرە هاوسەرگیرییە پێش لە چوونیان بۆ سەربازی بگرن.

ئەکادیمیای کوردی (شاکر خەسباک)ی بیرهێناوە

ئامادەکردنی: خسرۆ ئیسماعیل

ئەکادیمیای کوردی لە دریژەی کاروچالاکییەکانی رۆژی دووشەمە 11/2/2019، کاتژمێر (4)ی ئێوارە لەناو تەلاری ئێوارە کۆڕێکی بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی (پ.د.عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی) بۆ پێشکەشکردنی باسێک لەژێر ناونیشانی " شاکر خەسباک و کورد، کورد و شاکر خەسباک" ڕێکخست کۆڕەکە بەئامادەبوونی بەشێک لە مامۆستایانی زانکۆ و نووسەر و میدیاکاران بەڕێوەچوو.

لە دەسپێکی سیمینارەکەدا پ.ی.م.ڕێبوار سیوەیلی سکرتێری ئەکادیمیای کوردی وتەیەکی پێشکەشکرد و گوتی: کۆڕی ئەمڕۆمان تایبەتە بە نووسەرێکی غەیرە کورد ئەویش پڕۆفیسۆر (شاکر خەسباک) کە بەکارەکانی خۆشەویستە لەلای کورد.

وتیشی: شاکر خەسباک نموونەی ویژدانی ئەویترە کە لەسەر ئێمە قسەی کردووە، نموونەی ویژدانێکی زیندووە کەلەسەر دەمێکدا باس لە ئازادی و سەربەخۆیی کورد دەکا شەپۆلی شۆڤینزم سیاستەکانی تواندنەوەی کوردی پەیرەوکراوە.

سیوەیلی زیاتر وتی: گەورەیی نووسەر لەوەدایە بتوانێ خۆی لە فکر و بیرکردنەوەی باو و زال رزگار بکات و وەکو تاکە کەسێک گوزارشت لە ڕاستەقینەیەک بکات، کە خۆی بروای پێی هەیەو دەشتوانی بەشیوەیەکی زانستییانە نەک لایەنی سۆزداری بەگەڕانەوە بۆ بەڵگەی میژوویی کە ئەمەش کارێکە لەسەر هەردوو بەرهەمە گەورەکەی لەسەر کورد جێبەجێیکردووە.

سکرتێری ئەکادیمیای کوردی بەردەوامبوو وتی: کەسانێک کە ئەو بەرهەمانە دەخوێننەوە لەڕاستی تووشی شۆک دەبن کە چۆن نووسەرێک خەڵکی (حیلە) لە دەیەی پەنجاکان بەم شێوازە دڵسۆزانە و بەو دیقەتە زانستی و بەو ئاگایی و وشیارییە میژووییەی لەسەر کێشەکانی کورد بنوسێ

لە کۆتاییدا ڕێبوار سیوەیلی وتی: بۆیە ئەمڕۆ ئەکادیمیای کوردی وەک وەفاییەک ئەم بۆنەیەی تەرخانکردووە بۆ شاکر خەسباک کە لە ڕۆژگاریکدا پێویستی بە بوێرییەکی زۆر بوو کە بتوانرێ باس لە کێشەکانی کورد بکرێ کە ئەو لەو ڕۆژگارەدا کردی.

هۆکاری ئەم سیمینارە؟

دوائر دکتورعەبدولفەتاح عەلی بۆتانی پاسەکە خۆی پێشکەکرد و سەرەتا باسی لە هۆکارەکانی دەستنیشانکردنی ئەم سیمینارەی کرد و سێ هۆکاری بۆ ئامادەبوان دەستنیشانکرد

و وتی: یەکەم وەکو وەفاییەک بۆ ئەو زانا عەرەبە کە خۆی و هاوژینەکەی کوردیان خۆشدەویست مەبەستیان بوو کوردیش بگاتە مافەکانی خۆی لەسەر ئەو بیرو باوەڕەشی لەسەر کورد هەیبوو باجی خۆی دا بەرانبەر دەسەلات بۆ ماوەی 25ساڵ دەربەدەر.

دووەم هۆکاریش کاتێک شاکر خەسباک لە 25مانگی 11 ساڵی 2018کۆچی دوایی کرد زۆربەی ڕۆژنامەکان لەسەریان نووسی و باسیان کرد، تێبینیم کرد باسی هەموو کتێبەکانیان کرد بەڵام باسی کتێبەکیان نەکرد ئەویش کتێبی (ژکریات ادبیە) کە هەر خۆی ئەو کتێبەی بۆم ساڵی 1996زۆر بۆ ئەدیبەکان باشە باسی هەموو ئەدیبەکانی مصر و عێراق و سوریا دەکات کە پەیوەندی لەگەڵیان هەبووە هەرچەندە ناونیشانەکەی بەناوی(زکریات ادبیە) بەڵام لە ناونیشانەکەی دەردەچی پارچەیەک تەرخان دەکات بۆ باسی کورد بەناونیشانی (حکایتی مع الاکراد).

سێیەم هۆکار: پەیوەندی نێوان من و شاکر خەسباک، هەرچەندە من شاکر خەسباکم نەبینیووە لە نزیک و لە دوورەوە ئێمە یەکترمان دەناسی تەنیا لەسەر کاغەز ئەویش کاتێک نامەکانی بۆ من دەنارد لە سنعاوە، لەوانە من یەکەم کەس بم لەسەر شاکر خەسباکم نووسی بێت کە لەساڵی 1997تۆێژینەوەیەکی دورودرێژم لەسەری نووسی بە عەرەبی دواتریش دوو وتاریشم لە سەر نووسی لە گۆڤاری (صوت الاخر).

د. بۆتانی زیاتر وتی: بە لای من کێشەی کورد بەس لەگەڵ حکومەتەکان نیە بەڵکو لەگەڵ میلەتی عەرەب و تورک و فارسە چونکە هەرکەسێک بە ئینسافەوە و هاوسۆزبێت لەگەڵ کێشەکانی کورد ئەوە ئەو نەتەوانە بە مرۆڤ و کەسێکی خیانەتکار لە قەڵەمی دەدەن شاکر خەسباکیش یەکێک بوو لەوانە کە پێیان دەگووت ئەتوو خزمەتی کورد دەکەی و خزمەتی قەومەکەی خۆت ناکەی وەلامی ئەویش ئەوە بوو دەیگوت: ئەوانەنەزانن بە پێچەوانەوە نووسیەکانی من زیاتر خزمەت بە عەرەب دەکات نەک میلەتی کورد بەڵام ئەوان تێناگەن هەروەها د.بۆتانی گوتی: ئەو قسەیەی دەکرێ لەسەر برایەتی کورد و عەرەب و کورد و تورک و کورد و فارس تەنیا کورد باجەکەی دەدات

بۆ شاکر خەسباکم خۆش دەوێ؟

پاشان د. عەبدولفەتاح بۆتانی باسی لەوە کرد بۆ شاکر خەسباکی خۆش دەوێ و وتی: زۆر گرینگە پرۆفیسۆرێک لە بەغدا بژی و وەک زانایەک لایەنگری کورد بێت چونکە زانا جیاوازی هەیە لەگەڵ سیاسی کەلایەنگیرت بێت هەرچی سیاسیەکەیە بەرژەوەندی خۆی هەیە بەڵام زانایەکی عەرەب یان زانایەکی تورک وەکو ئیسماعیل بێشکچی بەرگریت لی بکات ئەوە گەلەک جیاوازی هەیە لەگەڵ سیاسیەکی خاوەن بەرژەوەندی لەبەر هەندێ شاکر خەسباک نابێ لەبیر بکریت و بەردەوام یادی بکەین، چونکە بەداخەوە کەم لە ڕۆشنبیرانی تورک و عەرەب و فارس لاینگری دۆزی کورد دەتوانین بڵێین لە دەستەکانی پەنجەمان تێپەڕ ناکەن.

کورتەی ژیاننامەی شاکر خەسباک

شاکر خەسباک لە ساڵی 1930لەشاری حلە لە دایک بووە.

بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرتووە لە بەریتانیا ساڵی 1958

دەرسی داوە لە زانکۆکانی بەغداد و سەنعاء و ریاز بەڵام لە زانکۆی بەغدا دوربانخستەوە بە مووچەیەکی کەمی خانەنشینی. لە 25/11/2018لە لوس ئەنجلوس کۆچی دوایی کرد کە لە شوباتی ساڵی 2008وەسیەتەکی نووسیووە کە لە سلیمانی بنێژرێ بەڵام بەداخەوە ئەو وەسیەتەی جێبەجێنەکرا کە دەبووایە بکرێ.

نزیکەی 30کتێبی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە کە 3یان لەسەر کوردە کە باشترین کتێبی لەسەر کورد نووسیی بێت کتێبی (زکریات ادبیە) بەناوی (حکایتی مع الاکراد) ئەندامی شەرەفە وەکو یەکەم عەرەب لە ئەکادیمیای کوردی خەلاتی ئیبراهیم ئەحمەدی وەرگرتووە بەڵام پێشکەشی شەهیدانی کوردستانی کردووە ئەندامی شەرەفی یەکێتی نووسەرانی کورد بوو.



زانیارییەکانی وتی: لە ساڵی 1953دکتۆر(صلاح خالص) گۆڤارێکی ڕۆشنبیری دەردەکات بەناوی (الثقافە الجدیدە) پەیوەندی بە شاکر خەسباک دەکات و دەڵێ حەز دەکەم لەگەڵ من ئیش بکەی ئەویش ڕازی بوو.

شاکر خەسباک دەڵێ هەرچەندە نەمزانی ئەو گۆڤارە هی شوعییەکانە بەڵام یەکەم چیرۆکم لێ نووسی بە ناوی (ئامینە) باسی کچە کوردێکە غولامی دەکات لە مالە دەوڵەمەندێکی بەغدایی عەرەب، ویستم لە چیرۆکی ئامینەوە باسی ئیش و ئازارەکانی کورد بە خەڵەک پیشان بدەم بەڵام شاکر خەسباک دەڵێ کاتێک ئەو چیرۆکەم نووسی و بڵاوبێوە تووشی شۆک بووم، بە دەیان نامە بۆ گۆڤارکە هات لەلایەن گەنج و لاوانی کورد نارەزاییان دەربڕی گوتیان ئەوە سوکایەتییە بە کورد دەکرێ کە لێکدانەوەیەکی خراپیان بۆ ئەم چیرۆکە کرد، شاکر خەسباک دەڵێ لێرەوە زانیم ئێمە هیچ شتێک دەربارەی ئەو میلەتە نازانین و پەیمانم بەخۆمدا ئەو بۆشاییە پڕبکەمەوە بۆیە هەر لەیەکەم دەرفەت کە لە گۆڤاری (الثقافە الجدیدە) بۆم هات داویان کرد هەندێک لە چیرۆکەکانی ئنتۆن چیخۆف وەربگێڕم ئەویش لە ساڵی 1953و 1954وەڕگڕانو بڵاویکردەوە دواتریش حکومەت گۆڤارەکەی داخست ئەویش هەڵات بۆ بەریتانیا دەربازی بوو ، لەوێش ڕاستەوخۆ قبول کرا لە دکتۆرا ئەوە قسەکەی خۆی گەیاندە جێ کە گوتی لەیەکەم دەرفەت ئەو بۆشایە بەرانبەر کورد پڕدەکەمەوە ئەوەبوو دکتۆراکەی لەسەر کوردی سلیمانی وەرگرت.

جوگرافیا زانم شاکر خەسباک پێی خۆش بوو کە ئەو ڕەخنەم نووسیە وتبووی حەز دەکەم بیناسم کاتیک خەبەر گەیشتە من چوومەمە بەشی جوگرافیای کۆلێژی ئاداب و دوو جار چوومە بەر دەرگای ئەو ژوورەی شاکر خەسباک لێ دانیشتبوو جورئەتم نەبوو بچمە ژوورەوە کە تا ئێستاش نەچوومە ژوورێ پاشان کتێبەکی دەرچوو بەناوی (العراق الشمالی) سوودی لەو زانیارییەی من کرد بوو لەسەر شەبەک و داخیلی کتیبەکەی کرد بوو.

شاکر خەسباک چۆن کوردی ناسی؟

دکتور بۆتانی لەکۆڕەکەی بەردەوامبوو لەسەر زانیارییە نوێیەکانی لەسەر شاکر خەسباک و وتی: لە کتێبی(زکریات ادبیە) دەڵێ من هیچم لەسەر کورد نەدەزانی وشەی کوردیشم گوێ لێ نەبوو، دەڵێ بەڵام کاتێک منداڵ بووم لە حلەی سەیارەی عەسکریم دەدیت ڕاوەستاوە پرسیارم لێ دەکردن ئەوە چیە ئەویش دەیگوت دەچین ڕێگری لە جولانەوەی بزووتنەوەکانی شیمال دەکەین ئەو کات بۆم بەدەرکەوت نەتەوەیەکی تر هەیە لە عێراق.

سەرۆکی ئەکادیمیا بەردەوام لە ئەمنیش هەستام وتارێکم لەسەر ئەو کتێبە نووسی بەناوی (الشبک فی کتاب الالکراد الدکتور شاکر خصباک) و بڵاوبێوە لە ڕۆژنامەی (التاخی) لە 10/ 5/1973کە هەندێک زانیاریم بۆ ڕاستکردەوە کە یەکەمجارم بوو ڕەخنە لەسەر کەسیک بنووسم ئەویش شاکر خەسباک بوو، دواتریش لەلایەن قوتابیەکانی بەشی پرسیارەکەم لێکرد لەبارەی دوا ڕۆژی میلەتی کورد و ڕەگەزی خۆی و هاوژینەکەی ئەوگوتی لە ئێستادا باشترین چارسەر بۆ کێشەی کورد حکم ذاتیی ڕاستەقینەیە بەبێ ڕژێمی سەدام بەڵام بە گۆڕانی گەشەکردن و باردۆخی نێودەوڵەتی لەوانەیە ئەو چارەسەرەش بۆ کێشەی کورد بگۆڕیت، لەبارەی ئەصلی خۆی و خێزانەکەشی گوتی من عەرەبم خەلکی حلەمە و خیزانەکەشم عەرەبەو دۆستی نازک تۆفیق و پەروینی خوشکی هۆشیار جودت و ئەحمەد زرنگ بووە.

گلییەکانی شاکر خەسباک لە کورد:

لەبارەی گلیەکانی شاکر خەسباک لە کورد دکتۆر بۆتانی وتی: شاکر خەسباک گلییەکی زۆری هەبوو لە کورد کە دەیگوت بەداخەوە لاوانی کورد بابەتەکانی منیان نەخویندیتەوە تەنیا مامۆستا و ڕۆشنبیران نەبێت، کە من یەکەم کەسبووم لە ساڵی 1959داوای حکومی زاتیم بۆ کورد کرد لە عێراق و هەروەها یەکەم کەسی عەرەب بووم تویژینەوەی زانستیم لەسەرکورد هەبێت بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستاش کەس لە کوردستان داوەتی نەکردووم دواشی کردووە کتێبەکانی چاپ بکرێت بەتایبەتی کتێبەکانی لەسەر کورد، وە دکتۆر بۆتانی وتی: لەساڵی 1997داوام لە وەزارەتی ڕۆشنبیری کرد کە میواندارای کوردستانی بکەن بەڵام بەداخەوە وەزارەتی ڕۆشنبیری دەعوەتی کوردستانی کرد.

ئێمە چیمان کردووە بۆ شاکر خەسباک؟

لە کۆتایی کۆڕەکەدا دکتۆر بۆتانی وتی: بەداخەوە دوای ئەوەی شاکر خەسباک ئەو هەموو شەڕەی لە بڕی ئێمە

بۆچی عەرەبەکان ڕەخنەیان لە شاکر خەسباک دەگرت؟

دکتۆر بۆتانی زیاتر وتی: بۆیە ڕەخنەیان لە شاکر خەسباک دەگرت لە هەموو کتێبەکانی دەڵێ کورد لە عێراق 25%ە و کەرکوکی بە شارێکی کوردان ناوناوە دەڵێ کەرکوک لە 52?5%کوردە موسل 35% لە عێراقیش 25%ە وە عێراق بەس وڵاتی عەرەبەکان نیە بەڵکو وڵاتی کورد و عەرەبە، بەڵام ئەوە وڵاتانی داگیرکەر کوردیان بێ بەش کردووە لەم مافە و مامەڵەی خراپیان لەگەڵ دەکەن.

ئەویش لەبەرانبەر ئەو ڕەخنانە دەیگوت ئەوانە هەموویان نەزانن و تێناگەن ئەو کتێبانەی لەسەر کوردم نووسیەوە زیاتر لە خزمەتی عەرەبانە نە لە خزمەتی کورد، چونکە ئێمە کورد ناناسین وا تێگەیشتووین زمانی کوردیش زاراوەیەکی وەکو موسل و بەغدا و تکریتە، نەمان دەزانی کوردیش زمانی خۆی هەیە بۆیە بەردەوام پێی دەگوتن ئێوە هیچ زانیاریتان نیە لەسەر کورد.

دوا ڕۆژی میلەتی کورد چۆنە؟

دکتۆر بۆتانی هەروەها وتی: لەکاتی نامە گۆڕینەوەکان لە 15-7-1996چەند



پ.ی.م. ڕێبوار سیوەیلی سکرتێری ئەکادیمیای کوردی



دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی



د.عەبدولفەتاح بۆتانی: شاکر خەسباک لە هەموو کتێبەکانی کەرکوکی بە شارێکی کوردان ناوناوە دەڵێ کەرکوک لە 52، 5% کوردە موسل 35% لە عێراقیش 25%ە عێراق وڵاتی عەرەب و کوردە

وون بوون
ناسنامەی زێرەڤانی بەناوی کەمال کوردۆ نوردین وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.
***
محكمة المواد الشخصية في الشمال
اعلان
الى المفقود : رشو الياس رشكو
قدمت السيدة / فهيمة رشو حسن طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٨/١٠/١٢ ولجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول
القاضي / سعود حمود
***
رئاسة محكمة استئناف منطقة دهوك
محكمة تحقيق سميل
العدد / ١٨١
التاريخ ٢٠١٩/٢/٢٥
نشر
تنفيذا لقرار السيد قاضي تحقيق سميل المؤرخ في ٢٠١٩/١/٢٩ نرفق لكم طيا اسم المفقود (قاسم طاهر قاسم) اقتضى اسم ومواصفات المفقود اعلاه في جريدتكم وذلك بغية التوصل الى مصيره لكونه مفقود منذ تاريخ ٢٠١٧/٣/١٥ واعلامنا بالنتيجة
القاضي / زيرك محمد صديق عبدالكريم
***
مديرية تنفيذ ئاكرى
العدد /٨٧٤/ت.د/٢٠١٥
اعلان
بناءا على القرار الصادر من هذه المديرية في الاضبارة التنفيذية المرقمة ٨٧٤/ت.د/٢٠١٨ المتضمن بيع العقار المرقم ٢٩٤/٢ مقاطعة ١١٧ كوشينه في حصة المدين المبين اوصافه ادناه تعلن هذه المديرية عن بيعه بالمزايدة العلنية فعلى الراغبين بالشراء مراجعة هذه المديرية مستصحبين معهم التامينات القانونية البالغة ١٠٪ من القيمة المقدرة ان لم يكن شريكا في العقار المذكور او دائنا في الاضبارة التنفيذية اعلاه وستجري المزايدة في الساعة الثانية عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من اليوم الثلاثين التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمية ففي اليوم الذي يليه علما ان الدلالية ورسوم التسجيل على المشتري
الاوصاف : رقم الاضبارة ٨٧٤/ت.د/٢٠١٥ الموقع ئاكرى /كوشينه المساحة ٢٥٠ م٢ الجنس ملك صرف القيمة المقدرة (٢٧٦٠٠٠٠٠) سبعة وعشرون مليون وستمائة الف دينار عيراقي
المنفذ العدل / بدران عبدالرحيم حاجي
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٥
ژمارە:٤٥٩٥/ش٢٠١٨/٥
رێکەوت/ ٢٠١٩/٢/٢٥
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (ڕێژین فاروق فائق) شوێنی دانیشتنت نادیارە.
دادگایە لە داوای ژمارە (٤٥٩٥/ش٢٠١٨/٥) بڕیاری دا بە (مطاوعة) بۆ تۆ و داواکار (بۆتان کریم صالح) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی ئیشعاری موختاری گەرەکی (هەولێر/ ٥ی حسارۆك) بڕیە دادگا بڕیاریدا لە پێراگەیاندنت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە کە لە هەرێمی کوردستان دەردەچێت تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لە (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕۆژی پێراگەیاندنت بۆ مەبەستی ناردنی وەڵامی (اعتراض) وە تێهەڵچوونەوە و پێداچوونەوەتان هەیە لەماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لە بڕیاری پاشملەی دادگا بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەر/ پەژار عبدالله نصیف
***
دادگای بەرایی هەولێر/٣
ژمارە: ٣٤٧١/ب٢٠١٨/٣
رێکەوت: ٢٠١٩/٢/٢٤
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (عثمان مصطفى احمد)
داواکار (پەریز سلیمان قادر) داوای ژمارە (٣٤٧١/ب٢٠١٨/٣)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای پابەندبونت دەکات بەگەرانەوەی زێرەکانی دادگا بڕیاریدا لەرێکەوتی ٢٠١٩/٢/١٩ بەپابەندکردنت بە گەرانەوەی (مخشلات ذهبية) پابەندکردنی داوالێکراو (عثمان مصطفى احمد) بەگەرانەوەی (قایش بشت ٢٢ لیرە عراقی بیوەبوو لەگەل ناوە لیرە خلیجی ژمارە ١- کێشی ٣٧ مسقال عیار ٢١ نرخی ٧٧٧٠٠٠٠ حەفت ملیون و حەفت سەدوحەفتا هەزار دینار ٢- کوبەرە جاریکە لیرە عراقی ژمارە ١ کێشی ٣٣ مسقال زێر عیار ٢١ نرخی ٦٩٣٠٠٠٠ شەش ملیۆن و نۆ سەدو سی هەزار دینار ٣- زنجیرێکی ئەستور لەگەڵ ٣ لولە زیری بێوەیە عراقی ژمارە ١ کێشی ٢٠ مسقال زێر عیار ٢١ نرخی ٤٢٠٠٠٠٠ چوار ملیون و دوو سەد هەزار دینار ٤- ئەنکوستیلە شێوەی سادە عراقی ژمارە ٢ کێشی ١ مسقال زێر عیار ٢١ نرخی ٢١٠٠٠٠ دوو سەد و دە هەزار دینار وە لەکاتێك نەتوانرا پابەندبێت بەگەرانەوەی زێرەکانی ئامارە پێکراوی سەرەوە پابەند دەبێت بەدانی بەهایی هەموو زێرەکان.
بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بەپێراگەیاندنت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بۆ مەبەستی ناردنی وەڵامی (اعتراض) وە تێهەڵچوونەوەت و پێداچوونەوەتان هەیە لەماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لە بڕیاری پاشملەی دادگا بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەر/ پەژار عبدالله نصیف
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٥
ژمارە:٤٧٥/ش٢٠١٩/٥
رێکەوت:٢٠١٩/٢/٢٥
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (دلیر مولود قادر) شوێنی دانیشتنت نادیارە.
داواکار/ احلام علی حسن داوای ژمارە (٤٧٥/ش٢٠١٩/٥)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای تصحیح تاریخ عقد الزواج دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری گەرەکی رزگاری بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بەمەبەستی نامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی ٢٠١٩/٤/٩, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بە شێوەی ناشکرا و پاشملە.
دادوەر/ پەژار عبدالله نصیف
***
دادگای باری کەسی هەولێر/١
ژمارە:٥٥٥٠/ش٢٠١٨/١
رێکەوت:٢٠١٩/٢/٢٥
جاردان
بۆ داوالێکراو (باربەرا فیجسلاك)
دادگا لە داوای ژمارە (٥٥٥٠/ش٢٠١٨/١) وە لەبەرواری (٢٠١٩/٢/١٨) بڕیاریدا بە پەسندکردنی طەلاقی دەرەکی (تصدیق طلاق خارجی) لە هاوسەرەکەت (ئاسۆ برهان فتاح) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر گەرەکی (٣٠ی شەهیدان باداوە) بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم جارداندە, بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.
دادوەر/ دیار محمد علی
***
بەڕێوبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر بەڕێوبەرایەتی کارگێری و خۆیەتی/ میلاکات
ژمارە: ١٢٠٩/١٠٠
رێکەوت: ٢٠١٩/٢/٥
بۆ/ ئەو بەڕێزانەی کەلە خوارەوە ناونیشان کراون لەدیوانی بەڕێوبەرایەتی گشتیان/ تەنسیب لە بەڕێوبەرایەتی گەنجینەی کەرکوك
ئاگادارکردنەوە
لەو ڕێکەوتانەی کە بەرامبەر ناوەکانتان دیاری کراوە مۆڵەتی بێ مووچەتان تەواو بووە تاکو ئێستا دەستان بەکار نەکردۆتەوە ئاگادارتان دەکەینەوە لەماوەی ٧ حەوت ڕۆژ ئەگەر لەناو هەرێمن لەماوەی ٣٠ سی ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێمن لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لەڕۆژنامەی خەبات دەست بەکار بکەنەوە بەپێچەوانە کۆتایی بەڕاژەکە دێنین.
١- ناوی سیانی/ عمر رضا رشید ناونیشان/ پیشەیی یەکەم ڕێکەوتی تەواوبوونی مۆڵەتی بێ مووچە/ ٢٠١٤/١١/١
٢- ناوی سیانی/ نارین جبار توفیق ناونیشان/ ئەندازیار ڕێکەوتی تەواوبوونی مۆڵەتی بێ مووچە/ ٢/ ١/ ٢٠١٢
ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ
بەڕێوبەری گشتی شارەوانییەکانی هەولێر
***
بەڕێوبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی دووەم لە
بەڕێوبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر
ژمارە ١٠/١٠٠
رێکەوت/ ٢٠١٩/٢/٢٠
ئاگاداری
لیژنەی سەرەوە هەڵدەستێ بە بەکرێدانی (٢٥) دوکانی دروستکراو لەسەر بەشێکی زەوی ژمارە (١/٤٤٧ ك ٢٢ سێوەکە) بەمزایەدەی ئاشکرا بەپێی یاسایی ژمارە (٣٢) لە ساڵی/ ١٩٨٦ بەم شێوەی کە لە خوارەوە دیار کراوە ئەو کەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ئاشکرا با سەر لە سەرۆکایەتی شارەوانی بەستۆرە بدات مزایدەکە ئەنجام دەدرێت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٣/٢٧ کاتژمێر (١٢) دوانزەی نیوەڕۆ لە ڕۆژی دیارکراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی (٢٠٪) لە کرێی خەملێندراو لەگەڵ خۆی بهێنی هەروەها کرێی بلاوکردنەوە و خەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.
١- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ شوێنی دوکانی ژمارە (١) تاکو (١٠+١٢) لەسەر بەشێك لە پارچە زەوی ژمارە ١/٤٤٧ ك ٢٢ سێوەکە) کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/ ١٢٠٠٠٠ سەدو بیست هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
٢- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ شوێنی دوکانی ژمارە (١١+١٣) تاکو (٢٠) لەسەر بەشێك لە پارچە زەوی ژمارە ١/٤٤٦ ك ٢٢ سێوەکە) کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/ ١٢٠٠٠٠ سەدو بیست هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
٣- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ شوێنی دوکانی ژمارە (٢١) تاکو (٢٥) لەسەر بەشێك لە پارچە زەوی ژمارە ١/٤٤٨ ك ٢٢ سێوەکە) کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی ڕووبەر/ ١٢٠٠٠٠ سەدو بیست هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ
بەڕێوبەری گشتی شارەوانییەکانی هەولێر
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٤
ژمارە:٤٠٠٣/ش٢٠١٨/٤
رێکەوت:٢٠١٩/٢/٢٦
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (محمود عبدالقادر عبدالکریم)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (اریان عمر عبدالکریم) داوای ژمارە (٤٠٠٣/ش٢٠١٨/٤)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تفریق) دەکات لە تۆ، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری هەولێر بەڕێوبەری گشتی شارەوانییەکانی هەولێر
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٤
ژمارە:٤٠٠٣/ش٢٠١٨/٤
رێکەوت:٢٠١٩/٢/٢٦
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (محمود عبدالقادر عبدالکریم)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (اریان عمر عبدالکریم) داوای ژمارە (٤٠٠٣/ش٢٠١٨/٤)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تفریق) دەکات لە تۆ، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری مختاری (گەرەکی هاکاری) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/٤/٧, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/ صباح حسن رشید
***
بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی پێنج
کارگێری- خۆیەتی
ژمارە: ٧١٥/١٥
رێکەوت: ٢٠١٩/٢/٢٥
بۆ/ خاتوو (ملیحه یاسین سمین) بەناونیشانی (ئەندازیاری. پ)
ئاگادارکردنەوە (الاخطار)
ئامارە بە فەرمانی کارگێریان ژمارە ٤٠٣ لە ٢٠١٩/٢/١٨
خاتوو (ملیحه یاسین سمین) بەناونیشانی (ئەندازیاری .پ) مۆڵەتی بێ مووچەی وەرگرتووە لە بەرواری ٢٠١٦/٢/١٨ کۆتایی بە مۆڵەتەکەی هاتووە بۆیە ئاگادارت دەکەینەوە کە دەست بەکاربکەیتەوە بۆ ماوەی (٧) ڕۆژ ئەگەر لەناوەوەی شاری وە بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانی بەپێچەوانەوە کۆتایی بەڕاژەکەت دێت بەپێی بڕگەی ٤ بەندی ٣٧ یاسایی خزمەتی شارستانی ژمارە ٢٤ لە ساڵی ١٩٦٠ هەموار کراو.
ئەندازیار/ بەشدار رضا گول
بەڕێوەبەری شارەوانی پێنج
***
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکان/سلێمانی
بەشی یاسا
ژمارە: ١٥١٤
بەروار: ٢٠١٩/٢/٢٤
بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا
لەسەر داوای بەڕێز بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا(علی حسین مجید) لە کۆمپانیای (بەرزی گۆیژە بۆ بازرگانی گشتی /سنوردار) وە ئامازە بە بریاری کۆمپانیا لە ٢٠١٩/٢/٢٣ کە تیایدا بریار دراوە بە :
پاکتاوکردنی کۆمپانیای (بەرزی گۆیژە بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) .
دامەزراندنی بەڕێز (محمد عدنان مصطفى) وەکو پاکتاوکاری کۆمپانیا ، بەپێی ئەو دەسەلاتەی کە پێمان دراوە پالپشت بە مادەی (١٤٧،١٥٨،١٦٠) لە یاسای کۆمپانیاکان ژمارە ٢١ ی ساڵی ١٩٩٧ زاینی هەموارکراو پاش هێنانی سەرجەم بەڵگەنامە یاساییەکان بریاری بەرزامەندیاندا بە : پاکتاوکردنی کۆمپانیای (بەرزی گۆیژە بۆ بازرگانی گشتی /سنوردار) وە ئامازە بە بریاری کۆمپانیا لە ٢٠١٩/٢/٢٣ کە تیایدا بریار دراوە بە :
پاکتاوکردنی کۆمپانیای (بەرزی گۆیژە بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) .
دامەزراندنی بەڕێز (محمد عدنان مصطفى) وەکو پاکتاوکاری کۆمپانیا . تا بەپێی مادەی (٢٠٦) لە هەمان یاسای ئامازە پێکراوی سەرەوە بڵاوبکرێتەوە.
سۆران احمد اسماعیل
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی سلێمانی
***
ئاگاداری
پاڵپشت بە بریاری کارگێڕی ژمارە (١٥١٤) لە (٢٠١٩/٢/٢٤) دەڕچوو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی سەبارەت بە پاکتاوکردنی کۆمپانیای بەرزی گۆیژە بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار . من وەکو پاکتاوکاری کۆمپانیای ناوبراو ئاگاداری هەرکەس و لایەنێک دەکەم کە مافی لەسەر کۆمپانیای ناوبراو هەیە لەماوەی (١٥) ڕۆژ لە بڵاوبونەوەی ئەم ئاگادارییە پەیوەندی بکات بە ژمارە مۆبایلی (٠٧٧٠٢٤٢٨٤٩٠) یاخود سەردانی ئۆفیسی سەرەکی کۆمپانیا لە سلێمانی/ خانەقا بەپێچەوانەوە لەهەموو مافێک بێ بەش دەبێت.
پاکتاوکار/ محمد عدنان مصطفى
***
سەرۆکایەتی شارەوانی سۆران
بەشی مولکایەتی
ژمارە : ٥٧٥
رێکەوت : ٢٠١٩/٢/٢٥
ئاگاداری
ئاگاداری خاوەن کارتی شارەوانی دیانا بلۆك (٩) ژمارەی زەوی (٢١٧) لە گەرەکی (بانە) دەکەین کە لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم ئاگاداریە تاکوو ماوەی (٣٠) ڕۆژ سەردانی شارەوانیان بکات ، بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست .
تێبینی : تەواوی پارەی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی داواکار
ئەندازیار/ أمیر فاخر جادر
سەرۆکی شارەوانی سۆران
***
وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لیژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان
ژمارە:٢٩٤٥/١٠
رێکەوت:٢٠١٩/٢/٢٦
ئاگاداری
ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لیژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە فرۆشتنی ئەم شوێنەی خوارەوە، بە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لیژنەی ئامادە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/ داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر و دانانی بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەملێنراو زیادکردنەکە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ ڕۆژی ٣٠ یەمین دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.
١- ژمارەی زەوی/ ١/٨٩٣٢ ك ٩٤ باداوە ڕووبەر/ ٣٩٨،٦٦م٢.
٢- ژمارەی زەوی/ ١/٨٩١٧ ك ٩٤ باداوە ڕووبەر/ ٢٤٨،٦٦م٢.
٣- ژمارەی زەوی/ ٣٢/٣٩٦٤ ك ٤٤ وارش ڕووبەر/ ٣٣٨،٦٦م٢.
ئەندازیار/ سامان محمد احمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر
***
وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لیژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان
ژمارە:٢٩٤٦/١٠
رێکەوت:٢٠١٩/٢/٢٦
ئاگاداری
ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لیژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە فرۆشتنی ئەم شوێنەی خوارەوە، بە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لیژنەی ئامادە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/ داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر و دانانی بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەملێنراو زیادکردنەکە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ ڕۆژی ٣٠ یەمین دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.
١- ژمارەی زەوی/ ١/١٣٥٦٢ ك گرد جۆتیار ڕووبەر/ ٤٠،٨٣٢م٢ ڕەگەز/ خزمەتگوزاری و گەشتیاری
ئەندازیار/ سامان محمد احمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ١٤٢٢
رێکەوت: ٢٠١٩/٢/٢٥
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا سنووردار
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (القرن الجدید) بۆ بازرگانی هەموو جۆرە پلاستیکێك/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١/٢٠) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەڕێڕپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (توانا عبدالخالق محمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٢/٢٤
ئاراس ڕؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ١٤٥٥
رێکەوت: ٢٠١٩/٢/٢٥
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا سنووردار
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (SALLYPORT) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٢/١٠) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەڕێڕپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (ابراهیم محمود حاجی) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٢/٢٥
ئاراس ڕؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ١٤٦٠
رێکەوت: ٢٠١٩/٢/٢٥
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Karun Medical) بۆ (بازرگانی گشتی و بازرگانی دەرمان و ئامێری و پێداویستی پزیشکی/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٢/٢٥
ئاراس ڕؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

Employment Opportunity

The U. S. Consulate General is seeking professional and qualified individuals to fill two vacant positions of Procurement Agent in Erbil. Please visit our website at https://erajobs.state.gov/dos-era/irq/vacancysearch/searchVacancies.hms for more detailed information. Nominations must be submitted by March 3, 2019.

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (SALLYPORT) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر- عەنکاوە)

پاکتاوکار/ ابراهیم محمود حاجی

ناونیشان/ هەولێر- ئازادی نوی انکونز

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٨٨١٢٤٨

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (القرن الجدید) بۆ بازرگانی هەموو جۆرە پلاستیکێك/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ توانا عبدالخالق محمد

ناونیشان/ هەولێر- ژووری پارێزەران

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٣٣١١١٤٤

زانکۆی سۆران_فاکەلتی ئاداب خۆیەتی
ژمارە: ١٣٦/٣/٢
ریکەوت: ٢٠١٩/٢/١٢
بۆ بەڕێز (محمد صباح کریم) بە ناونیشانی مامۆستای یاریدەدەر لە فا کە لتییە کە ما ن
شوێنی نیشتەجێبوون/خەلیفان
بابەت: ئاگادار کردنەوە (أخطار)
بەڕێزت ئاگادار دەکەینەوە لە دوای تەواوکردنی خوێندنی دکتۆرا لە وڵاتی بەریتانیا لە چوارچێوەی بەرنامەی توانا سازی و داواکردن بۆ دەستبەکاربوونەوەت لە فاکەلتییەکەمان لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٩/١٦ ، بەردەوام نەبووی لە دەوام کردن و تا وەکو ئێستا هیچ پەیوەندیت بە ڕاگرایەتی فاکەلتی نەکردووە ، داوات لێ دەکەین بگەڕێتەوە سەر کار لە ڕێکەوتی دەرچوونی ئاگادارکردنەوەکە ، بۆ ماوەی ٧ حەوت ڕۆژ ئەگەر لە ناوەوەی هەرێم بێت و ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی وڵات بێت ، بە پێچەوانەوە بە دەستبەردارببوون لە کارەکەت هەژمار دەکرێت بە پێی بڕگەی (٢) لە مادەی (٣٧) لە یاسای ڕاڤەی شارستانی ژمارە (٢٤) ساڵی (١٩٦٠) هەموارکراو کۆتایی بە ڕاڤەکەت دێت .
پ.د.قەیس کاکل توفیق
ڕاگری فاکەلتی

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ١٢٤ /ش/ ٢٠١٩
ڕێکەوتی / ٢٥ / ٢ / ٢٠١٩
ڕاگەهاندن
بو / داوالێکراو : هاشم محمد شریف علو
ل دیف داخوازیا داواکار(امنه هاشم امین) وکێشا ژمارە (١٢٤ /ش/٢٠١٩) تێدا داخوازا خەرجی هەیڤێن ژڤانا بخو ژ تە دکت یابەردایا تە ل روژا (٢٠١٨/٢/١٦) و ژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجیبونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسێن (زاخو) ژمارە (٥٦٨) ل (١٩ / ٢ /٢٠١٩) و نڤیسارا بەربژارێ تاخێ (ئاشتی / ١) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادە بی ل ڤێ دادگەهێ ل روژا ١٠ /٣/ ٢٠١٩ ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بڕیکارەکێ ژ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەرەوڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .
دادەر / یوسف الیاس سدن

***

سەرۆکایەتی شارەوانی بنەسلاوە
بەشی/ مولکایەتی
ژمارە: ٢٦٦/١٠٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٢/٢٦
جاردان
سەرۆکایەتی شارەوانی بنەسڵاوە هەڵدەستێ بە جاردانی نەخشەی پێشنیارکراوی ژمارە K326 لەسەر پارچە زەوی ژمارە ٩٣٠٣/١ ك ٨١ گەرەسور هەرکەس ڕەخنە و پێشنیاری هەیە لەلایەن دەزگای میریەکان و نیمچە میریەکان با سەردانی سەرۆکایەتی شارەوانی ناوبراو بکات لە ماوەی یاسایی کە ٣٠ ڕۆژە لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم جاردانە.
دارا عمر حسین/ سەرۆکی شارەوانی بنەسڵاوە

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:١٧١١/ش٢٠١٨/٤
ڕێکەوت:٢٠١٩/٢/٢٤
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (فرید اسماعیل مصطفی)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (شنۆ کاکە احمد) داوای ژمارە (١٧١١/ش٢٠١٨/٤)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (التفریق بسبب الهجر) دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی ڕۆژهەڵات) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/٣/٢٥, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادەر/ طارق حسین کریم

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:٥٦٩٣/ش٢٠١٨/٢
ڕێکەوت:٢٠١٩/٢/٢٤
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (سەوسەن عمر یابە)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (ڕێباز ئەبوبکر عبداللە) داوای ژمارە (٥٦٩٣/ش٢٠١٨/٢)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (اثبات زواج و اثبات نسب و تصدیق طلاق دەرەکی) دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ بنصلاوە گەرەکی گوڵان) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/٣/١٨, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادەر/ طارق حسین کریم

***

دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٥٦/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٢/٦
ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (چنار توفیق بکر)
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەڕێکەوتی ٢٠١٩/٤/٣ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادەر / حنان بشیر محمد

***

ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ
بەشێ مولك و زەڤی و زار
ژمارە: ٤/٣٠٠/١/١
ڕێکەفت: ٢٠١٩/٢/١١
ئاگەهداری
لدویڤ یاسا فروتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا سالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکرنێ دوویێ رادگەهینیت کو سەرئیك زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو فروتنا پارچە ئەردی ژمارە (٤١٢٠/١) ل کەرتێ ١٨ زینیات ب روویەرێ (٥١٦,٩٩)٢ پێنج سەد و شازدە مترێن چوار گوشە، هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئێك زێدەکرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل ناڤبینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا خانکێ بکەت د ماوێ ٣٠ سیە روژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د روژنامێ دا و ئەڤ سەرئێك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانی یا خانکێ دەم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.
ئەندازیار/ دیار بحری رسول
ڕێڤەبەرێ گشتی

***

دادگەها کەتن ل سێمێلێ
ژمارە: ١٧١/کەتن/٢٠١٩
ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٢/٢٠
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتباری ڕەڤی/ اسماعیل ابراهیم حاجی
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ١٩١/اساس/٢٠١٨ ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهی پولیسێن سێمێل لدیڤ بەندی (٤٥٦) ژ یاسا سزا ئەردەنی جهێ ئاکنجیبونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بریکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی سپێدەیا ڕوژا ٢٠١٩/٤/٢١ بو دادگەهکرنا تە و بەرەوڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.
دادەر/ بیان ادیب رشید
دادەرا دادگەها کەتن سێمێل

***

دادگەها کەتن ل سێمێلێ
ژمارە: ١٦١/کەتن/٢٠١٩
ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٢/١٩
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتباریێ ڕەڤی/ حسین خلف خضر و علوان حسین خلف
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٢٤/اساس/٢٠١٨ ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهی پولیسێن شاریا لدیڤ بەندی (٤٣٢) و دگەل بەندێن هەڤیشك ٤٧ و ٤٨ و ٤٩ ژ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجیبونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بریکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠١٩/٤/٢ بو دادگەهکرنا تە و بەرەوڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.
دادەر/ بیان ادیب رشید
دادەرا دادگەها کەتن سێمێل

***

دادگەها کەتن ل سێمێلێ
ژمارە: ٣٦٩/کەتن/٢٠١٨
ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٢/١٣
ئاگەهداری
بو کەسێ دادگەهکری (غازی فیصل عبداللە) تو یێ هاتیە دادگەهکرن بێی ئامادەبوون بزیندانکرنا دژاور بۆ ماوێ سالەك و شەش هەیفا لسەر (٣) سێ تومەتا لدیڤ بەندێ ١/١/٤٥٦أ و ب) ژ یاسا سزایێ و ژبەر نەنیاسا جهێ ئاکنجیبوونا تە بریار هاتەدان تۆ بێە ئاگەهدارکرن ب بریارا دادگەهێ بریکا دوو روژنامێت نیشتەجێ و تە مافێ هەی نەرازیبوونا خۆ دەربری لسەر بریارا دادگەهێ ل دەمێ هاتیە دیارکرن دیاسایێدا بۆ دەمێ (٣) سێ هەیڤا و بەرەوڤاژی ڤێ چەندێ بریارا دادگەهێ دێ هێتە پەسندکرن و دێ هێتە بجهێنان.
دادەر/ بیان ادیب رشید
دادەرا دادگەها کەتن سێمێل

***

دادگەها تاوانێن دهوکێ/١
ژمارە: ٢٨٠/ج/٢٠١٦
ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٢/٢٤
ئاگەهداری
بو/ دادگەهکریێ پاشملەکان (چولی احمد عبدالرحمن و هاریڤان عبیدالله دربا س)
ڤێ دادگەهێ بریار ل سەر تە دا ب زیندانکرنێ بۆ ماوێ هەتا هەتا ل دویڤ مادەێ ١/٤٠٦/ ژ یاسا سزا د کێشا ژمارە ٢٨٠/ج/٢٠١٦ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نەهێلانا گونەهباریا دهوك/ نڤیسینگەها کوشتن ژمارە ٢٠١٥/٢٧ دا تو بهێینە ئاگەهدارکرن ب ڕێکا بەلاڤکرنێ ل دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی و هەوە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەیە ل سەر بریارا بریارا پاشملە ل دەمێ شەش هەیڤا ژ ڕێکەفتنا ئاگەهدارکرنا تە ب ڕێکا بەلاڤکرنێ ل دوو ڕۆژنامێن ناڤخو و بەرەوڤاژی بریارا پاشملە دێ ل جهێ بریارا حازربونێ بیت.
دادەر/ د. عبدالرحمن سلیمان زیباری
سەرۆکێ دادگەها تاوانێن دهوك/١

***

دادگەها تاوانێن دهوکێ/١
ژمارە: ١٦١/ج/٢٠١٩
ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٢/٢٤
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتباریێ ڕەڤی/ عزیز الحق شمس الله
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ١٦١/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل پولیسێن مالتا ب هژمار ٢٠١٨/١٨٤ ل سەر مادە (٤٥٢ یاسا سزا) ژبەر کو جهێ ئاکنجیبونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بریکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠١٩/٥/٢ بو دادگەهکرنا تە و بەرەوڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.
دادەر/ د. عبدالرحمن سلیمان زیباری
سەرۆکێ دادگەها تاوانێن دهوك/١

***

دادگەها تاوانێن دهوکێ/١
ژمارە: ١٦٢/ج/٢٠١٩
ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٢/٢٤
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتباریێ ڕەڤی/ سامی مجدل سلیمان و موسی امین الیاس و هەڤال جعفر مصطفی
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ١٦٢/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل فەکولەریێن دهوك ب هژمار ٦٨/ق ك ٢٠١٦/٣ ل سەر مادە (٣٠٨ یاسا سزا) ژبەر کو جهێ ئاکنجیبونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بریکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠١٩/٥/١٦ بو دادگەهکرنا تە و بەرەوڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.
دادەر/ د. عبدالرحمن سلیمان زیباری
سەرۆکێ دادگەها تاوانێن دهوك/١

***

دادگای باری کەسایەتی ئاکرێ
ژمارە/ ٥١/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٥/٢/٢٠١٩
بۆ داوالێکراو (لقمان عبدالرحمن سلیم) جێگای نیشتەجێبوونی نادیارە
ب / ئاگاداری
داواکار (نزیرە عمر عبدالقادر) داوای ژمارە (٥١/ش/٢٠١٩) تومارکردووە دەرهەق بە تو لە بەردەم دادگاکەمان کە تایبەتە بە سەلماندنی گەراندنەوە (تثبیت الرجعة)ولەبەر دیارنەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونت دادگاکەمان بریاری دا بە ئاگادار کردنەوەت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆییەوە تاکو ئامادەبی لە بە بەردەم دادگاکەمان سەر لە بەیانی ڕوژی(٢٠١٩/٣/١٠)کە دیاریکراوە بۆ دادبینی یا ناردنی بریکارێك لە جیاتی خۆت وە بە پێچەوانەوە دادگا هەلدەستێت بە دادبینی پا شملە دەرهەق بەتۆ وبەپێی یاسا بریاری پێویست دەردەکات
دادەر / طارق رمضان صالح

***

دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٩٣/ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ١٤/٢/٢٠١٩
ئاگەهداری
بۆ داوالیکەراو (هیام ابراهیم حاجی) جهی ئاکنجی بوونێ نەدیارە داواکار (لاوین حسن رمضان) رابویە ب داوا شەرعی ئەوا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ل بەرامبەر ڤێ دادگەهێ داخازی تێدا دکەت پەسندکرنا تلاقا دەرەکی (تصدیق طلاق خارجی) ئەوا روادای دناڤبەرا تە وێ وێ ژ تە ل ٢٠١٨/٦/١٥ وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەیارە لدویف ئاگادارییا دەستەکا هەلبژیر ل قەزا سێمێلێ کومەلگەها دومیز کەمپا پەنابەرا ل دومیز ٢ بریار هاتە دان ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو ڕۆژنامەییەن ڕوژا نەیێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤی دادگەهی ل دەمژمیر (١٠) سپیدەهیا ڕوژا ٢٠١٩/٣/١٣ ول بەرەوڤاژی ڤی جەندی دادبینی ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەیی وئاشکرایێ هیتە کرن
دادەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم

***

دادگای باری کەسی خەبات
ژمارە: ٦٣/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٢/٢٥
جاردان
بۆداوالێکراو: (أنور إبراهیم رسول)
ئاماژە بەداوای ژمارە (٦٣/ش/٢٠١٩) کە تایبەتە بە داواکار (سعادات احمد جوانمردی) کەجۆری داواکەی بریتییە لە(اثبات زواج) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی نوسراوی بنکەی پۆلیسی رزگاری، بۆیە ئەم دادگایە بریاریدا لەبەرواری ٢٠١٩/٢/٢٥ بەپێ ڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونی خودی خۆت یاخود بریکارداڕت لەجیاتی خۆت ڕەوانەی بکەی لەڕۆژی دادبینی ڕێکەوتی: ٢٠١٩/٣/١٣ کاتژمێر ٩ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشملەو ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام دەدرێت بەپێی یاس.
دادەر/مسعود سعید صدیق

***

دادگای باری کەسی خەبات
ژمارە: ٩٦/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٢/٢٥
جاردان
بۆداوالێکراو: (شۆرش یدالله عبدالله)
ئاماژە بەداوای ژمارە (٩٦/ش/٢٠١٩) کە تایبەتە بە داواکار (زهراء احمد عبدالباقی) کەجۆری داواکەی بریتییە لە(تفریق للهجر) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی نوسراوی بنکەی پۆلیسی رزگاری، بۆیە ئەم دادگایە بریاریدا لەبەرواری ٢٠١٩/٢/٢٥ بەپێ ڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونی خودی خۆت یاخود بریکارداڕت لەجیاتی خۆت ڕەوانەی بکەی لەڕۆژی دادبینی ڕێکەوتی: ٢٠١٩/٣/١٣ کاتژمێر ٩ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشملەو ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام دەدرێت بەپێی یاس.
دادەر/مسعود سعید صدیق

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (ئاخفین) بۆ گەشت و گوزار/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ علی موفق ولی قهوجی
ناونیشان/ هەولێر- خانزاد
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٧٢٢٧٩

ئاگاداری


ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (Smith Holdings (Nederland) B.V هۆلەندا) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ دانا خطاب عمر
ناونیشان/ گوندی انگلیزی- ژمارە ٤٠٥
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٨٩١٤٨

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٨٥٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٢/٤
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا سنووردار
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (ئاخفین) بۆ گەشت و گوزار/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١/٢٠) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەڕێڕپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (علی موفق ولی قهوجی) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس ڕؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ١٤٣٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٢/٢٥
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (کاوار) بۆ (بەڵێندەرایەتی بیناسازی گشتی/ سنوردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٢/٢٥
ئاراس ڕؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ١٤٤٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٢/٢٥
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (دهۆك) بۆ (بەرهەم هێنانی بلۆك و کربستۆن/ سنوردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٢/٢٥
ئاراس ڕؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ١٤٨٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٢/٢٦
بریار
ئاماژە بە بریاری ژمارە (١٢٨٢ لە ٢٠١٩/٢/١٨) ڕاستێندراوە لە کونسلخانەی عێراق لە وڵاتی تورکیا، تایبەت بە پاکتاوکردنی لقی کۆمپانیای (اسیا بنك المشارك المساهمة (ASYA KATILIMBANKASI ANONIM SIRKERI) دوای کۆتایی هاتنی ئەرکەکانی پێسپێر (وصی) وە دانانی بەڕێز (احمد جودت علی) وەك پاکتاوکار بەمەبەستی داخستنی لقی کۆمپانیا ناوبراو..
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوە پەسندکرد پاڵپشت بە مادەی ١٥ لە سیستەمی ژمارە ٥ ساڵی ١٩٨٩.
ئاراس ڕؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت



تەنگژەی ڤەنزوێلا..

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا: رۆژانی حوکمی مادۆرۆ سنووردار بووە



ئا: عەبدولقادر کەڵهۆڕ

لەنێو گەرمەی چەقبەستویی کاری تووندو تیژی و یارمەتییە مرۆییەکاندا.. مایک پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە لێدوانێکدا گوتی، بەو پەڕی متمانەوە ئاشکرای دەکەم کە رۆژانی حوکمی نیکۆلاس مادۆرۆ سەرۆکی ڤەنزوێلا سنوردار بووە.

سەرۆکی ڤەنزوێلا رێپێوانێکی گەورەی لە کاراکاسی پایتەختی ڤەنزوێلا رێکخست، لە وتەیەکدا لەبەرانبەر ئامادەبووانی رێپێوانەکە پەیمانیدا، بەهەموو شێوەیەک هەوڵدەدات لەسەر دەسەڵات بمێنێتەوە

پۆمپیۆ بە تۆڕی هەواڵی CNNراگەیاند، پێشبینیکردن و دیاریکردنی رۆژێک کارێکی ئەستەمە، بەڵام متمانەی تەواوم هەیە کە گەلانی ڤەنزوێلا و نارەزایەتیەکانیان بەڵگەن کە رۆژانی حوکمی نیکۆلاس مادۆرو سنورادار بووەو زۆری نەماوە .

ئەو لێدوانەی پۆمپیۆ دوای ئەوە هات کە سەرۆکی ڤەنزوێلا دەستی هێزە ئەمنیەکانی کردەوە بۆ ئەوەی گوللەی پلاستیکی و گازێ فرمێسک ڕێژ بەکار بێنن بۆ سەرکوتکردنی نارەزاییەکان و ڕێگە بگرن لە گەیشتنی هاوکاری و یارمەتی مرۆیی بۆ نێو خاکی ڤەنزویلا.

لە بەرانبەری لێدوانەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ، سەرۆکی ڤەنزوێلا ڕێپێوانێکی گەورەی لە کاراکاسی پایتەختی ڤەنزوێلا ڕێکخست، لە وتەیەکدا لەبەرانبەر ئامادەبووانی ڕێپێوانەکە پەیمانیدا ، بەهەموو شێوەیەک هەوڵدەدات لەسەر دەسەڵات بمێنێتەوە. هاوکات ڕەخنەی تووندی لە دەسەڵاتدارانی کۆلۆمبیا گرت لەوەی کە هاوکاری ئۆپۆزیسیۆنی ڤەنزوێلا دەکات. دواتر هیوای خواست کە سوپای ولاتەکەی بەرپرسیاریێتی پاراستنی هاووڵاتیان لە ئەستۆ بگرێت و سەرومااڵی هاووڵاتیانی ڤەنزوێلا بپارێزێت . هیواشی خواست ڕەوشەکە بەرەو هێورببوونەوە بچێت.

جێی باسە، وڵاتی ڤەنزوێلا کە یەکێکە لە وڵاتانی لەکێشەوری ئەمەریکای لاتینی و ماوەیەکە ڕووبەڕووی کاری تووندو تیژی و نارەزایی هاووڵاتیان دەبێتەوە بەهۆی تەنگژەی ئابووری و سەختی ژیان ، وپلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش پاڵپشتی ئەو نارەزاییانە دەکات و نیکۆلاس مادۆرۆی سەرۆکی ئەو وڵاتە بەهۆکاری سەرهەڵدانی ئەو تەنگژە ئابوریە دەزانێت کە ڕووبەڕووی ڤەنزوێلا بووەتەوە.

BBC: سەرچاوە



مستەفا شەنتۆپ بە سەرۆکی نوێی پەرلەمانی تورکیا هەڵبژێردرا

ڕۆژی یەکشەممە 2019/2/24 سەرۆکی نوێی پەرلەمانی تورکیا هەڵبژێردرا و لە گەڕی سێیەمی هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمانی تورکیادا، مستەفا شەنتۆپ پەرلەمانتاری ئاکپارتی لە بازنەی تەکیرداغ، بە کۆی 336 دەنگ بە سەرۆکی نوێی پەرلەمان هەڵبژێردرا.

شایەنی باسە لە گەڕی سێیەمی دەنگدانەکەدا، 542 پەرلەمانتار ئامادەی دانیشتنەکە بوون، کە پەرلەمانتاری جەهەپە لە بازنەی ئیستانبوڵ، ئەنگین ئالتای 124 دەنگی هێنا، هەروەها پەرلەمانتاری هەدەپە لە بازنەی ئیزمیر، سەرپیل کەمالبای پەکگۆزەگو 46 دەنگی هێنا، هاوکات پەرلەمانتاری ئیبی پارتی لە بازنەی عەنتاب، ئیمام حوسەین فیلیز 33 دەنگی هێنا و سێ دەنگیش هەژمار نەکران.

یەکشەممە لە پەرلەمانی تورکیا هەڵبژاردن بۆ سەرۆکی نوێی پەرلەمانی ئەو وڵاتە ئەنجامدرا، مستەفا شەنتۆپ، پەرلەمانتاری ئاکپارتی لە بازنەی تەکیرداغ بە کۆی 336 دەنگ بە سەرۆکی نوێی پەرلەمانی تورکیا هەڵبژێردرا.



چیرۆکی ئاڵای وڵاتان

ئەسیوپیا

ناو : کۆماری ئەسیوپیای فیدرالی دیموکراتی.
شوێن : کیشوەری ئەفریقیا.
پایتەخت : ئەدیس ئەبابا.
ژمارەی دانیشتوان : 100,613,986کەس.
سەرەتا ئەسیوپیا خاوەنی سێ ئاڵا بووە ، یەکێکیان ڕەنگی زەرد و ئەوەی تر ڕەنگی سوور و هی سێیەم ڕەنگی سەوز بووە و هەرسێکیان لەسەر یەک هەڵکراون ، دواتر هەرسێک ڕەنگەکە لە یەک ئاڵادا کۆکراونەتەوە ، ڕەنگی زەرد وەک هێمایەک بۆ سروشت و ئاشتی و ڕەنگی سوور بۆ قارەمانێتی و ڕەنگی سەوز بۆ سامانەکانی زەوی.



بۆ مۆنتانا نەفرۆشین؟

بڵاوکردنەوەی داواکاریەک لە ڕێگەی ماڵپەڕی change.orgی ئەمەریکییەوە کاردانەوەی زۆری لێ کەوتەوە، تیایدا داوای فرۆشتنی ویلایەتی مۆنتانا کراوە لە باکووری وڵات بە یەک ترلیۆن دۆلار، بە مەبەستی سوککردنی قەردەکانی ئەمەریکا. لەو بارەوە گۆڤاری تایمی ئەمەریکی ڕایگەیاند کە تا ئێستا نزیکەی 12هەزار واژۆ کۆکراوەتەوە. ئەمەش لە کاتێکدایە کە ئاستی قەردەکانی ئەمەریکا ژمارەی پێوانەییان تۆمار کردووە و گەیشتوونەتە نزیکەی 22ترلیۆن دۆلار. لە داواکاریەکەدا هاتووە: ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بە دەستی قەردی زۆرەوە دەنااڵێنێ، ویلایەتی مۆنتاناش خێرێکی ئەوتۆی نیە، بۆ هەوڵ نەدەین بیفرۆشین؟

لەولاشەوە وەک کاردانەوەیەک، ڕۆژنامەی گرێت فولز تربیۆن دەپرسێ: بۆ ئالاسکا نەفرۆشین؟ چونکە ئالاسکا لە ڕووی جوگرافیەوە پەیوەست نیە بە ئەمەریکا ؟

سالی 1897:
بەریتانیا دانی بە دەسەلاتی ئەمەریکا دانا بەسەر نیوەی ڕۆژئاوای گۆی زەوی .


سالی 1900:
پارتی کرێکارانی بەریتانیا دامەزرا.



سالی 1990:
بۆ جاری دووەم تۆپشیکی کافو بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی ژاپۆن هەڵبژێردرایەوە.



سالی 1991:
جۆرج بوشی سەرۆکی پێشووتری ئەمەریکا بە فەرمی هەواڵی ئازادکردنی کوێتی لە داگیرکاریی سوپای عیراق ڕاگەیاند .



سالی 2010:
بومەلەرزەیەک بە گورپی 8.8پلە لە چیلی ڕوویدا.



سالی 2015:
بۆریس نیمیتسۆ ڤی سەر بە باڵی ئۆپۆزسیۆن لە مۆسکۆ تیرۆر کرا.



لێکدانەوەیەکی ئابووریيانە
لەبەرچی ئەڵمانیا پێویستی بە پەنابەرانە؟

ئا: هەندرین شێرزاد

زۆر لە چاودێرانی سیاسی وای بۆ دەچن کە ساڵی 2015 ئەنجیلا مێرکلی راوێژکاری ئەڵمانیا دوای بڵاوبوونەوەی راپۆرتی پەیمانگای ئابووری ئەڵمانیا دەرگای لەبەردەمی هاتنی پەنابەران والاّ کرد، لە راپۆرتەکەدا باس لەوە کرابوو کە ئەڵمانیا سالانە پێویستی بە نیو ملیۆن پەنابەر هەیە بۆ ئەوەی لە رووی ئابوورییەوە لە سەرەوەی لیستی ولاّتانی ئەورووپا بمێنێتەوە.

ئابووری ئینجا مرۆڤ

ئەوەی لێرەدا مایەی سەرنج و تێبینیە ، چاودێران بە هیچ شێوەیەک رەچاوی باری مرۆیی پەنابەران ناکەن بەڵکو باری ئابووری ولاّتانیان دەخەنە پێش هەموو شتێک . بۆ نموونە : ساڵی 2015 لە کاتی بڵاوکردنەوەی ئەم راپۆرتە ، میشێل پومەری سەرۆکی دەزگای پێشبینیکردنی باری ئابووری ئەڵمانی وتی : بۆ ساڵانێکی دوورودرێژ پێویستمان بە پەنابەری زیاتر هەیە ، ئەگەرچی ئەمە نابێتە مایەی کۆتایی هێنان بە کێشە دیمۆگرافیەکان و کەمی دەستی کار لە ولاّت . هەر لەو راپۆرتەدا پومەر دەڵێ : ئەڵمانیا پێویستی بە نیو ملیۆن پەنابەر هەیە ، دواتر لە هەر ساڵێکدا پێویستمان بە 200 هەزار پەنابەری دیکە دەبێ لە ساڵێکدا ، ئەمەش تا ساڵی 2050 درێژە دەکێشێ .

140 هەزار پەنابەری غەیرە ئەورووپی

سێ ساڵ دوای بڵابوونەوەی تویژینەوەکەی پەیمانگای ئابووری ئەڵمانی ، پەیمانگای برتلسمان تویژینەوەیەکی دیکەی سەبارەت بە هەمان بابەت بڵاوکردەوە و لە ناوەرۆکدا هیچی وای لە تویژینەوەکەی پێشوو جیاواز نەبوو و تیایدا هاتووە : تا ساڵی 2060، ئەڵمانیا لانی کەم سالانە پێویستی بە 260 پەنابەر دەبێ .

ئەڵمانیا پێشبینی دەکات نزیکەی 120هەزار پەنابەر لە باشوور و رۆژهەلاتی ئەورووپا بە مەبەستی گەڕان بەدوای کار رووی تێ بکەن . تویژینەوەکە کەسانی ئەکادیمی و شارەزایانی بواری زانیاری لە پێشەوەی ئەوانە دادەنێ کە ئەڵمانیا پێویستی پێیان هەیە .

هاوکات ئەڵمانیا پێویستی بە 140هەزار پەنابەری ئاسایی لە جیهانی سێ هەیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کە لە کەرتی خزمەتگوزاریی و کار و هی تردا هەن .

کەمێ ژمارەی لەدایکبوان و پیربوونی کۆمەڵگا ئەڵمانیا ناژار دەکەن سالانە پێشوازی لەو ژمارەیەی پەنابەران بکات .

یاسایەکی تایبەت بە پەنابەرێتی

یۆرگ دریگەر لە سەرۆکایەتی پەیمانگای برتلسمان پێی وایە رێژەکانی هەڵۆژانی پەنابەران بۆ ئەڵمانیا لەم چەند ساڵەی دواییدا رووی لە دابەزین کردووە ، ئەمەش بەهۆی توندکردنی سنوور و یاساکان لەلایەن ولاّتانی ئەورووپا ، بە جۆرێک ئەو رێژەیە لە ساڵی 2017تەنیا 38هەزار پەنابەر بووە . بۆیە پێویستە سەرکردایەتی سیاسی ولاّت یاسایەکی تازە بۆ پەنابەرێتی دابڕێژێ بەجۆرێک لە بەرژەوەندی ئابووری ولاّت دابێ و بێتە مایەی پرکردنەوەی کەمی دەستی کار لە هەموو بوارەکاندا . لەولاشەوە ئەگسل بلونیکە ، شارەزا لە پەیمانگای ئابووری ئەڵمانی دەڵێ : دەبێ ئەڵمانیا بگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی پێشوازیکردن لە پەنابەران ، چونکە ئێستا ئاستەکانی دەستی کار لە ئەڵمانیا بەگوێرەی پێویست نیە .

دەستی کار بەبێ پەنابەران

پەیمانگای برتلسمان لە تویژینەوە تازەکەیدا پەیمانگای بازاڕ بۆ تویژینەوە پیشەییەکانی لە زانکۆی کۆبۆرگی ئەڵمانیا راسپاردووە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی ئایندەی بازاڕەکان لە ئەڵمانیا ئامادە بکات. لە لێکۆڵینەوەکەدا دەرکەوتووە: ئەگەر ئەڵمانیا پێشوازی لە پەنابەران نەکات ، ئەوا لە ماوەی 40 ساڵی داهاتوودا داواکاری کارکردن بە رێژەی یەک لەسەر سێ کەم دەبێتەوە.

پێشبینی دەکرێ لە ساڵانی داهاتوودا رێژەی پەنابەران لە ولاّتانی ئەورووپا رو لە دابەزین بکات ، بۆیە وا باشە ئەڵمانیا پێشوازی لە پەنابەرانی غەیرە ئەورووپی بکات .

توندکردنی مەرجەکانی وەرگرتنی پەنابەران لەلایەن ئەڵمانیا و لاوازیی کرێ دەبنە مایەی دوورخستنەوەی پەنابەران .

نیگەرانی

ئەوەی سەبارەت بە ئابووری ئەڵمانیا مایەی نیگەرانیە ، ئەڵمانە خاوەن بڕوانامە بالاّکان ولاّتەکەیان بەجێ دێڵن ، لە کاتێکدا ئابووری ولاّتەکەیان بەدوای پەنابەراندا دەگەڕێ . بۆ نموونە تەنیا لە ساڵی 2016نزیکەی 281 هەزار کەسی ئەڵمان رووبان کردۆتە ولاّتانی دیکەی ئەورووپا و ئەمەریکا و کەنەدا .

کۆمەڵگایەکی پیر

پەیمانگەی ئابووری جیهانی لە هامبۆرگ ئەڵمانیای خستۆتە کۆتایی لیستی ئەو ولاّتانەی کە خاوەنی کەمترین رێژەی لەدایکبوونن لەسەر ئاستی جیهاندا ، بە جۆرێک ئەم رێژەیە 8.28بۆ هەر 1000 هاوڵاتیەک ، دوای ئەویش ژاپۆن دێ بە رێژەی . 8.36 هاوکات راپۆرتی پێشبینیە ئابووریەکان پێی وایە تا ساڵی 2040رێژەی گەشەکردنی ئەڵمانیا لە 1.3%تێپەڕ ناکات ، هەروەها تەمەنی کرێکارانی ئەڵمانیا (وێرای شەپۆلی پەنابەران) بە رێژەی 13%دادەبەزێ . فەرمانگەی ئاماری ئەڵمانیاش رایگەیاندووە کە تا ساڵی 2040ژمارەی دانیشتوانی ئەڵمانیا (کە ئێستا 82 ملیۆن کەسە) بە رێژەی 1.3 کەم دەبێتەوە ، بەمەش ئابووری ئەڵمانیا کە لە پێشەوەی ئابووری ولاّتانی دیکەی ئەورووپایە وەک خۆی نامێنێ و ئەم ولاّتە دەبێتە خاوەنی کۆمەڵگایەکی پیر و خانەنشین .

هەژارترین ولاّتانی جیهان

بە گوێرەی زانیاریەکان، ژمارەیەک ولاّتی ئەفریقیا و رۆژهەلاّتی ناوەڕاست بە دەستی شەڕ و تونددوتیژیەوە دەنالێنن و ئەمڕۆش بوونەتە هەژارترین ولاّت لەسەر ئاستی جیهان.

لە سەرتاسەری جیهاندا ژمارەی هەژاران، 2 ملیار کەسە و داهاتی رۆژانەیان 3.2 دۆلارە.

ژمارەی ئەوانەش کە زۆر هەژارن لە سەرتاسەری جیهان 736 ملیۆن کەسە و داهاتی رۆژانەیان 1.9 دۆلارە.

لە 28 ولاّتی جیهان پشکی تەنیا یەک کەس کەمتر لە 1000دۆلارە لە داهاتی نەتەوەیی.



مانشێت



رۆیتەرز:
حکومەتی بەریتانیا رایگەیاند کە بەنیازی قەدەغەکردنی حزبوڵای لوبنانیە لە ناوەوەی وڵات.



ئەی ئێف پی:
بە مەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا ، سەرۆکی کۆریای باکور گەیشتە پایتەختی ڤێتنام.



بی بی سی :
محەمەد جەواد زەریفی وەزیری دەرەوەی ئێران دەستی لە کار کێشایەوە .



سکای نیوز:
چەند فرۆکەیەکی شەڕکەری سەر بە سوپای هیندستان ژمارەیەک پێگەی تووندڕەوانیان لەناو خاکی پاکستان بۆردومان کرد.



ئەلشەرقولئەوسەت:
پارتی کرێکارانی بەریتانی داوای ئەنجامدانی راپرسیەکی دیکەی کرد سەبارەت بە بڕێگزت.



دۆیچە ڤیلە:
لە پورتوگال بازرگانیکردن بە مرۆڤ لە پەرەسەندن دایە و زۆربەی قوربانیانیش لە پەنابەرانن.

پاڵەوانی ئەسیوپیا و ئەفریقا لە دیداریکی خەباتدا

فیڤیان: بەختەوەرم کە پاڵەوانی کیشوەری ئەفریقام بۆ 2018



خەبات: هاوار مورتکەیی

فیڤیان گیبرێیسکیل Feven Geb-remeskel کچە شەترەنجبازانی هەڵبژاردەی ئەسیوپیاو پاڵەوانی کیشوەری ئەفریقا، لە لێدوانێکیدا بۆ لاپەڕەی وەرشی رۆژنامەی خەبات قوتابی بووم لە قوتابخانە مامۆستاکەمان فێری شەترەنجی کردم و زۆرم حەز چووە ئەو یارییە و بەردەوام بووم لەسەری، یەکەم پاڵەوانێتی لەسەر ئاستی ناوخۆ لەسالی 2013بوو لە شاری ئەدامای ئەسیوپیا، لە ئاستی نێودەوڵەتیش هەمان ساڵ لە وڵاتی ئۆگەندا، خۆشبەختانە زوو ئەنجامی باشم بەدەستهێنا، لە سالی 2015توانیم ببمە پاڵەوانی ئەسیوپیا و بگەمە ریزی هەڵبژاردەی نیشتمانی، لە سالی 2018ش توانیم نازناوی پاڵەوانی ئەفریقیا بەدەست بهێنم و لەهەمان کاتیش بڕوانامەی کاندیدی ماستەری ئافرەتان.

لە کۆتاییدا فیڤیان گیبرێیسکیلی تەمەن 23ساڵ لەبارەی گرنگیی ئەو یارییەوە گوتی: شەترەنج ئەوەم پێ دەبەخشێت کە چۆن ڕوویەڕووی کارەکانم ببمەوە، شەترەنج شیوازی ژیانی بۆ ڕێکخستووم، تا ئاستێک بۆتە سەرچاوەی بژێو، شەترەنج بەڵای منەوە دەروازەی ژیانە، بۆیە بەردەوام دەبم تا لە ژیاندابم، لێرەوە بەپێویستی دەزانم سوپاس خانەوادەکەم بکەن کە هەردەم پاڵپشتم بوونە، هەروەها مامۆستاکەشم کە منی گەیاندە ئەو ئاستەی ئەمڕۆکە.

ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە شەترەنج کەسایەتی ئەوی گۆڕیوە و وایلێکردووە کە بەڕەنگاری نەهامەتییەکای ژیانی ڕۆژانەی ببێتەوە چ لە ڕابردوو و چ لە داهاتوودا.

فیڤیان کە هەڵگری بڕوانامەی Woman Candidate Master ی شەترەنجە گوتی: کاتێک



بەر لە کلاسیکۆی ئەمشەو

ریال مەدرید توخمێکی گرنگی لەدەستداو بەرشلۆنەش دوو یاریزانی ناتوانن بەشداری بکەن





راهێنەری ئەرژەنتینی سانتیاگۆ سۆلاری راهێنەری یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی هەواڵێکی نەرینی پێگەیشت بەر لەیاری ئەمشەوی کلاسیکۆ بەرامبەر یانەی بەرشلۆنە لە یاری گەڕانەوەی پێش کۆتایی جامی شای ئیسپانیا لەگاتژمێر 11:30ی شەو لەسەر یاریگای سانتیاگۆ برنابیۆ لەمەدرید بەڕێوەدەچێت. ڕۆژنامەی (مارکا)ی ئیسپانی لە ئێوارەی دووشەمەی ڕابردوو ئاشکرای کرد، کە بەبێگومان یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی مەدریدی مارکۆس یۆرنتی بەشداری یاری کلاسیکۆی ئەمشەو ناکات. ڕۆژنامە ئیسپانییەکە دەڵێ: مارکۆس یۆرنتی نەیتوانی مەشقەکانی ئێوارەی دووشەمە تەواو بکات، کە ئامادەکاری بوو بۆ یاریبەکەی ئەمشەوی کلاسیکۆ بەهۆی چاک نەبوونەوەی لە پێکانەکەی. مارکۆس یۆرنتی ئاستێکی باشی لەگەڵ ڕاهێنەری ئەرژەنتینی سانتیاگۆ سۆلاری پێشکەشکردووە، بەتایبەتی کاتێک یاریزانی بەرازیلی کاسیمێرۆ لەماوەی ڕابردوو یاری نەکرد، یۆرێنتی تونانی شوێنەکەی پڕ بکاتەوە. جێگای وەبیرهێنانەوەیە ریال مەدرید لەماوەی تەنها 3ڕۆژدا 2جار لەسەر یاریگای سانتیاگۆ برنابیۆ ڕووبەڕووی بەرشلۆنە دەبێتەوە، کە یاری کلاسیکۆی شەمەی داهاتوو لەچوارچێوەی ڕکابەرییەکانی گەڕی 27ی خولی ئیسپانیا دەبێت.

لەلایەکی دیکەوە یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی بەر لەیاری کلاسیکۆ دوو لێدانی بەهێزی لەیاری گەڕانەوەی جامی شای ئیسپانیا بەرکەوت. کە دووپاتکرایەوە ئارسەر میلۆی یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی کاتەلۆنی ناتوانی بەشداری یاریبەکەی ئەمشەو بکات، بەهۆی چاک نەبوونەوەی لەپێکان، ڕۆژنامەکانی ئیسپانیا ئاماژەیان بەوەکرد کە گۆڵپاریزی هۆڵەندی سیلیسین زەحمەتە بەشداری یاری کلاسیکۆ بکات، بەڵام بێگومان لەلیستی یانەکە دەبێت بۆ گەشتی یاریگای برنابیۆ لەکلاسیکۆی خولی ئیسپانیا. جێگای وەبیرهێنانەوەیە یاری چوونی کلاسیکۆی جامی شا بەگۆڵێک بۆ هەردوو لا کۆتایی هات، یانەی بەرشلۆنە بەبردنەوە یاخود بەرامبەر بوون زیاتر لەگۆڵێک دەتوانێت بگاتە یاری کۆتایی.

نەبەز ڕوستایی

ئەلیسۆن

لە یەکسانکردنی ژمارە مێژوویییەکەی ڕێنا نزیک بۆتەوە

ئەلیسۆن بیکەر گۆڵپاریزی یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی ژمارەیەکی نایابی تۆمارکردووە، بەهۆی ئەوەی بۆ چەند یارییەک توانی تۆڕەکەی بەخاوێنی بهێڵێتەوە، دوای ئەوەی لەیاری ڕابردوو بەرامبەر مان یونایتد هیچ گۆڵێکی لێ تۆمار نەکرا. یاری ڕابردووی نێوان لیڤەرپوول و مان یونایتد بەبێ گۆڵ کۆتایی هات، لەملانێی گەڕی 27ی خولی پریمەرلیگ. لیڤەرپوول ئاستێکی خراپی لەو یارییە پێکەشکردوو نەیتوانی هیچ چارەسەرێک بدۆزێتەوە، بۆگەیشتن بەتۆڕی گۆڵپاریزی ئیسپانی دی خیا، ئەم یارییە زۆر بێهیواکەر بوو بۆ هاندەرانی یانەی لیڤەرپوول، کە لەم وەرزە چاوی بڕیوەتە نازناوی خولی ئینگلتەرا، بەڵام توانی یاریگای ئۆڵد ترافۆڵد بەتۆڕی خاوێن جێبهێڵێت. ئالیسۆن پێکەر لە مژارەی گۆڵپاریزی ئیسپانی پیپی ڕێنا گۆڵپاریزی پێشووی یانەی لیڤەرپوول نزیک بۆتەوە، سەبارەت بە ژمارەی ئەو یارییانەی کەلەماوەی یەک وەرزدا تۆڕەکەی بەخاوێنی ماوەتەوە، کە چاوەڕێ دەکرێت بتوانێت ژمارەکەی بشکێنێت لەماوەی داهاتوودا، گۆڵپاریزی بەرازیلی لەم وەرزە توانیویەتی لەماوەی 15یاریدا تۆڕەکەی لەکۆی 27یاریدا بەخاوێنی بهێڵێتەوە، لەگەڵ ئەوەی هێشتا 11 گەڕیش ماوە بۆ کۆتایی وەرز، بەرامبەر بە 17یاری تۆڕی خاوێن بۆ گۆڵپاریزی ئیسپانی پیپێ ڕێنا لەوەرزی 2008-2009لەماوەی 35گەڕدا.

ڤینیسیۆس: لە مێسی ناترسین

ڤینیسیۆس جۆنبۆری بەرازیلی، ئەستێرەی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی ڕایگەیاند، یانەکەی لە ڕووبەڕووبوونەوەی لیونێل مێسی، ئەستێرەی بەرشلۆنە ناترسێت لە یاری کلاسیکۆدا، کە بڕیاری ڕۆژی چوارشەمە، لە یاری گەڕانەوەی قۆناغی پێش کۆتایی جامی شای ئیسپانیا لەسەر یاریگەی سانتیاگۆ برنابیۆ بەیەک بگەن، ئەوەی یاری چوون بە یەکسانبوون بە ئەنجامی 1-1گۆڵ کۆتاییهات. ئەمەو ڤینیسیۆس، ڕۆڵی لە بردنەوەی یانەی شاهانە لە یانەی لیڤانتی، بە ئەنجامی دوو گۆڵ بەرامبەر یەک گۆڵ هەبوو، ئەو یارییەی ڕۆژی یەک شەمەی ڕابردوو لە گەڕی 25لیگا بەڕێوەچوو. دوای یارییەکەش ڤینیسیۆس لێدوانی بۆ ڕۆژنامەکان دا، کە ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی کەتەلۆنی هەندێک لە وتەکانی بلاو کردەوە. ناوبراو وتی:"دڵخۆشم بەو بردنەوەیە لەسەر یاریگەیەک، کە زۆربەی یانەکان تێیدا دەنالێنن. ئێستا بیر لەوە دەکەینەوە، هەفتەی داهاتوو چی ڕوو دەدات". هەروەها وتی:" ئێمە خۆمان بۆ یاری کلاسیکۆ ئامادە دەکەین، هیچ لە مێسی ناترسین. هەرچەندە ئەو یاریزانێکی مەزنە، بەڵام ئێمە باشترین یاریزانەکانی جیهانمان هەیە". شیاوی باسکردنە هەفتەی داهاتوو، ڕیال مەدرید دووبارە میواندارییە بەرشلۆنە دەکات، لە یاری کلاسیکۆی خولی ئیسپانیا، واتە لەماوەی چوار ڕۆژدا دوو یاری کلاسیکۆ لەسەر یاریگەی سانتیاگۆ برنابیۆ بەڕێوە دەچێت.



ڕەمزی میرەکانی

www.xebat.net
چوار شەممە 2019/2/27 ژمارە (5703) خەبات

رۆژنامەی خەبات
پێشەنگی بلاوکراوەی گەشتیاری بوو

کەرتی گەشتیاری لە دوای شەری دووەمی جیهان وەک کەرتێکی ئابووری پەرەی سەند ,سالانە ژمارەی گەشتیاران و دامەزراوەکانی گەشتیاری و بابەتی گەشتیاری بە خێرای زیاد دەبن ,دوای روخانی رژێمی بەعس لە 2004هاتنی گەشتیار بۆ هەرێم بە ڕێژەیەکی کەم بوو ,بەڵام بە هۆی خوێندنەوەی ڕەوشی گەشتیاری و بینینی ئایندەیەکی گەش لە سالی 2005رۆژنامەی خەبات بۆ یەکەم جار لە مێژووی رۆژنامەگەری کوردی لاپەڕەیەکی هەفتانەی تایبەتی بۆ گەشتوگوزار تەرخانکرد ,بۆ ماوەی 8سالّ بەردەوام بوو و خزمەتێکی زۆری کرد و بوو بە مەیدانی دەیان خامە کە ئارەزوویان بوو توانا کانیان لە بواری نووسینی گەشتیاری پەرە پێبدەن ,سەدان بیرۆکە و پرۆژە و تەودر بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری گەشتیاری و بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری لەسەر لاپەڕەی گەشتوگوزار بۆ دەسەلآت خرانەروو ,بەهەری نوێی پێگەیاند ,وتەبێژی دەستەی گشتی گەشتوگوزار بەرهەمی ئەو لاپەرەیە کە بۆ ماوەی 8سالّ سەرپەرشتی لاپەڕەکە بوو و دواتر بوو بە وتەبێژی گەشتوگوزار. رۆژنامەی خەبات بە دیدێکی نوێ بۆ ئایندەیەکی گەشی گەشتیاری دەروانێت بۆیە جارێکی تر لاپەڕەی گەشتوگوزار دەخاتەوە خزمەت پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری هەرێمی کوردستان. جارێکی تر دەرفەت بۆ خامەی ئارەزوومەندانی خزمەتگوزار بە کەرتی گەشتیاری دەرەخسێنێ ,بەو هیوای لێرەوە هەموومان هاوشانی رۆژنامەی خەبات خزمەت بە پێشخستنی کەرتی گەشتیاری بکەین.

نادر روستی بەرپرسی لاپەرە



گەشتوگوزاری سەرکێشی (مغامرات)

سەرکێشی بۆ سەرچیایی مەترسیدار ,بۆ ناو دارستان ,بۆ ناو ئەشکەوت ,بۆ ناو دۆڵ ,ڕۆیشتن بۆ شوێنی سەخت بە ئوتومبێل یان ماتۆر و پایسکل ,فڕین و خۆ بەردانەوە لە ئاسمان و ... بەشێک لە گەشتیارانی بۆ لای خۆ ڕاکێشاوە, هەرێمی کوردستانی عیراق شوێنێکی شیاوە بۆ گەشتوگوزاری سەرکێشی (مغامرات) هەیە ,چونکە چەندان دۆڵ و زنجیرە چیا و لوتکەی بەرز و دارستان و ئەشکەوتی قوڵ و تاریک و ڕووباری پێچاوپێچی گەورەو بچووکی هەیە. سەر چیا و لوتکە چیای زۆر هەیە بە کەمی بینراوە، گەشتیاران دەتوانن هەڵگەڕان بەسەر لوتکە چیاکانی هەڵگوردو پیرەمەگرون و کۆرەک و برادۆست و شیرین و سەفین و گارە بکەن، دەتوانن لەناو دۆڵە درێژ و قوولەکان و ڕووبارە پێچاو پێچەکانی گەلی عەلی بەگ و زێی گەورە و بچوک سەرکێشی بکەن، چەندان ئەشکەوت هەیە کە قوولی و درێژی و پێکهاتەی نەزانراوە دەتوانن بچنە قوولای ئەشکەوتە قوولەکانی وەک: سارا و بەستوون و کونەبا و بێتکار و کروژ و .... دەتوانن گەشت بە ناو نهێنیەکانی تونی بابا بکەن. چەندان چیای بەرز هەیە کە بۆ فرین و خۆفرێدانە خوارەوە بە پەرەشوت و پەرەگلایدەر زۆر لەبارو شیاون وەک سەفین و کۆرەک. سالآنە ژمارەیەک گەشتیار لە ولآتان بۆ ئەم جۆرەی گەشتوگوزار سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن و سوود لەم بنەما گەشتیارییە وەردەگرن ,بواریش زۆرە کە فراوانتر بکرێ و گەشتیاری زیاتری بۆ ڕابکێشرێت.

بەفری ئەمسالّ کوردستانی سارد کرد و جوڵەی گەشتیاری گەرم کرد



هەندێ جار بەفر ژیانی لادێنشینەکان سەخت و ناخۆش دەکات, بەڵام دەکرێ ناخۆشی و سەختەیکان بگۆڕین بە خۆشی و بە داهات بۆ هاوواڵتیان، بە تایبەت کاتێک سەرمایەداران چالاکی و پرۆژە لە شوێنە بەرزەکان و لە ناو بەفر دەکەن ,وەک سەرەتایەک بۆ ئەم هەنگاوە چەند سالێکە جولەی گەشتیاری بۆ ئەم ئاراسە دروستە هەیە، ئەم سالیش پێنجەم فستیڤالی بەفر لە دەڤەری بالەکایەتی بە بەشداری کۆمەڵێک یاریزانی بیانی بەڕێوە چوو. سێیەم فیستیڤالی خلیسکانێتی سەر بەفر لەچیای کۆرەک ئەنجام درا. یەکەم فیستیڤالی هەفتەی سپی لە پێنجوێن سازکرا. بەفربارینێکی زۆری ئەم سالّ و ئەم جولە و چالاکیانە هاوشان لەگەڵ ڕۆڵی میدیا و سۆشیال میدیا و ئارامی کوردستان و هەندێک لە پرۆژەکانی گەشتیاری ژمارەیەکی زۆری گەشتیاری بۆ هەرێمی کوردستان ڕاکێشا کە جیاوازی نەبوو لە گەڵ جولەی گەشتیاران لە وەرزی هاوین.

هۆکار چیە فەرەنسا 5سالّە زۆرترین گەشتیاری جیهان بۆ خۆی ڕادەکێشێ

لە سالی 2012وە تاکو ئێستا بە بەردەوام بۆ ماوەی 5سالّە فەرەنسا یەکەمی سەرئاستی جیهانە لەروی زۆری ژمارەی گەشتیاران ,لە سالی 2017ژمارەی گەشتیارانی گەیشتە 86,9ملیۆن گەشتیار. داهاتی گەشتیاریشی گەیشتە 60ملیار دۆلار. ڕێژەی داهاتی گەشتیاری لە کۆی داهاتەکانی فەرەنسا لە % 9,7 پێکدەهێنێ. فەرەنسا ژمارەیەکی زۆر شوێنەواری گرنگ و میژووی هەیە38 , شوێنی لە لایەن ڕێکخراوی جیهانی یونسکۆ تۆمار کراون ,زیاتر لە 1200 موزەخانە هەیە ,زیاتر لە 100باخچەی گەورەی هەیە. سەدان قەڵاو و تاوەر و کەنیسەی گەورە و پەیکەری مەزنی لێیە. تاوەری ئیفل و موزەخانەی لوڤەر و کۆشکی ڤێرسای و قەوسی سەرکەوتن ناوەندی بزمیدۆ بەهاوشانی دیزنی لاندی فەرنسا. کەناراوی سەرسوڕهێنەر و کۆمەڵگەی گەشتیاری تەندروستی و شوێنی خلیسکانێتی دەگمەن و کۆشکی بێوێنە و باخچەی گەورەی سروشتی و دارستانی دەگمەن و گوندی سروشتی پڕ لە هێمنی, وەرزشی سەرکێشی و وەرزشی زستانە لە چیای ئەلب و دەیان هۆکاری تر سەرنجی گەشتیارانی ڕاکێشاوە. کەواتە جۆراوجۆری گەشتوگوزار و بەرزی ئاستی خزمەتگوزاری و گونجاوی نرخ فەرەنسای کردۆتە یەکەمی گەشتیاری لە جیهان.



سەرجەم کۆمپانیەکانی گەشتیاری ئاگادار دەکرێنەوە

بە مەبەستی ڕێکخستنی گەشتەکانی داهاتوتان بۆ هەرێمی کوردستان و بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان ,سەرجەم کۆمپانیاکان کە گەشتەکان ڕێکدەخەن پێویستە مۆڵەتی فەرمیان هەبێت، هەر کۆمپانیایەک مۆڵەتی فەرمی نەبێت و تەنیا ناوێکی وەهمی بێت زۆر بە تونڈی بە پێی یاسا سزا دەدرێ، ئەوەی شوێنی لە هەرێمە دوای ئاگادارکردنەوە دادەخرێ، ئەوەی گەشتیار بێ مۆڵەت دەهێنێ سزا دەدرێ، چونکە کۆمپانیا وەهمیەکان کێشەی زۆریان بۆ جولەی گەشتیاری دروست کردوە.

دەستەی گشتی گەشتوگوزار

ئەم شوێنە بناسە

مۆزەخانەی رستن و چنینی قەڵای هەولێر



ئەم مۆزەخانەیە تایبەتە بە رستن و چنینی هەموو ئەو بابەتانەی لە ناومالّی کوردستانیان بەکارهێنراون و نموونەیان پارێزراوە، مۆزەخانەکە دەکەوێتە ناو قەڵاتی هەولێر، لەنێو ئەم مۆزەخانەیەدا بەشێکی زۆری کاری دەستی لە هونەرکانی چنینی تیرە و هۆزە نیشتەجێ و ڕەوەندەکانی ناوچەی پارێزگای هەولێر و کورستان بەگشتی پارێزراون. زۆربەی ئەم کەلوپەلانە ڕایەخ و کالآ و پۆشاکن (ڕایەخ ,مافور ,جاجم ,جلوبەرگ ,کلآو, دەست رازە، بەرگی بالیخ ف جلوبەرگی ئافرەتان.....) کەرەستە خاوەکەشی لە خووری و مووی مەڕومالآت دروستکراون و بە ڕەنگی گیاو گوڵ و ڕووەک ڕەنگکراون، کە هەندێک لەم پارچانە مێژووی سەدان سالّەیان هەیە. لە هەمان شوێن کەرستەی بەکارهاتوو و ئامێرەکانی کار پێکردنی رستن و چنین پارێزراون.



گەشتیاری لە چاوی فۆتۆگرافەران

فۆتۆ: هێمن ڕانیەی

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed, 27. Feb. 2019 No: (5703)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

دڵشاد مستەفا وەسانی

بەرەو یادی 60 ساڵەی خەبات

(1)

سەرەتای خەبات

تا کۆنگرەی 3 کە ساڵی 1953 لە کەرکووک بەڕێوەچوو، زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان (ڕزگاری) بوو، لە کۆنگرەی 3 بڕیاردرا (خەبات) زمانحاڵی پارتی بێت، بەڵام تا ساڵی 1959بە ناشکرا دەرنەچوو، لە ماوەی 1953-1959بەپێی سەرچاوەیەک بەنهێنی و زۆر بە کەمی دەرچووە.

دوای نەمانی سەردەمی پاشایەتی و هاتنەپێشەوەی سەردەمی کۆماری لە 14ی تەمووزی 1958و گەڕانەوەی بارزانیی نەمر لە 6/10/1958لە یەکێتی سۆڤیەت، چالاکی پارتی لە بەغدا چووە قۆناغێکی دی، بەهۆی ئەو دۆخە لەبارەی دوای 14ی تەمووزی 1958دروست بوو، چونکە ڕێگە بە حزبەکان درا چالاکی خۆیان بکەن، ڕۆژنامەی کوردی دەرچوون، پارتی دیموکراتی کوردستانیش بڕیاریدا (خەبات) وەک زمانحاڵی حزب دەربچێت، بۆیە لە 23ی تشرینی یەکەمی 1958داوایەک بۆ دەرچوونی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بەناوی خەبات، پێشکەش بە وەزارەتی ئیرشاد کرا، ڕۆژی 11ی کانوونی دووەمی 1959وەزارەت ڕەزامەندیی دەربڕی، بەمەش ڕۆژنامەی خەبات پێش حزب مۆڵەتی کارکردنی وەرگرت.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 4/4/1959یەکەم ژمارەی خەبات بە 8لاپەڕە و بە قەبارەی 30بە 45سم بە زمانی کوردی دەرچوو، نرخی 16فلس بوو، کە لە چاپخانەی (النجاح) لە بەغدا چاپ کرا بوو.


شایانی باسە عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف، هەوڵیان دا خۆیان لە داواکاری حزبەکان ڕزگار بکەن، کە داوای ڕۆژنامەی خۆیان دەکرد، کاتێ ڕۆژنامەی (الجمهوریه) دەرچوو، کە عەبدولسەلام عارف خاوەن ئیمتیازی بوو، حزبەکان ناڕەزایی دەربڕی، بەوەی کە ڕۆژنامەی (الجمهوریه) گوزارشت لە حزبی بەعس دەکات، هەرچی قاسم و عارف بوون، دەیانویست بەوە حزبەکان ڕازی بکەن، کە ڕۆژنامەی (الجمهوریه) لە لایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە دەردەچێت، ڕەخنەی زۆر لە عەبدولسەلام عارف گیرا، کە لایەنگری حزبی بەعس دەکات و (الجمهوریه) کردووەتە زمانحاڵی حزبی بەعس، بۆیە حزبەکان داوای ڕۆژنامەی تایبەت بە خۆیان کرد، پارتیش کە ئەوکات (پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان) بوو، ڕۆژی 19ی ئابی 1959 داوایەکی پێشکەش بە عەبدولسەلام عارف کرد، کە جێگری سەرۆک وەزیران و بریکاری وەزارەتی ناوخۆ بوو، بەڵام عارف داواکاریەکەی ڕەت کردەوە، بەوانەشی کە بۆ ئەو مەبەستە چوبوونە لای گوت:"سوود لە ڕۆژنامەی (الجمهوریه) وەربگرن و هەموو ئەو بابەتانەی پێشکەشی دەکەن، فەرمان دەدەم بۆتان بڵاو بکەنەوە".

بەرەوەی خەڵاتی جیهانی شیفا گەردی بۆ ساڵی 2019 بناسە

جینان موسا: خۆزگە زمانی کوردیم بزانیایە تاکو ئەمڕۆ قسەم پێ بکردبا

ئەم خەڵاتە بڕێک پارەی لەگەڵە، بە قوربانیانی جەنگی دەبەخشم





خەبات–سەنگەر حوسێن:

تۆڕی میدیایی ڕووداو و کۆمیتەی خەڵاتی جیهانیی شیفا گەردی، لە دووەمین ساڵیادی شەهیدبوونی ئەو ڕۆژنامەنووسە، ڕۆژی 25ی شوباتی 2019لە شاری هەولێر ڕێوڕەسمێکی سازکرد، تێیدا فرانسوا ئۆلاند، سەرۆکی پێشووی کۆماری فەرەنسا وتارێکی پێشکەش کرد و خەڵاتی جیهانیی ساڵانەی شیفا گەردی پێشکەش بە خاتوو جینان موسا، پەیامنێری کەناڵی (الان)ی لوبنانی کرد بەهۆی بوێری و چالاکی لە گواستنەوەی هەواڵەکان لە بەرەکانی شەڕدا.

جینان چی گوت؟

جینان موسا، براوەی یەکەم خەڵاتی جیهانی ساڵانەی شیفا گەردی لە وتارێکدا ڕایگەیاند، شیفا گەردی بەهۆی بوێرییەکەیەوە لە ستۆدیۆ بمێنێتەوە، هیچ کەس ئەوی بە ئەنجامدانی ئەو کارە مەترسیدارە ناچار نەکرد، ئەو لە بەرەکانی شەڕەوە ڕاپۆرتەکانی ئامادەدەکرد و گیانی خۆی بەختکرد.

جینان موسا گوتیشی: ئەم خەڵاتە بڕێک پارەی لەگەڵە، پلانی من بەخشینی هەموو لە مااڵەکەی خۆی دابنیشێت، ئەو دەیتوانی لە ستۆدیۆ بمێنێتەوە، هیچ کەس ئەوی بە ئەنجامدانی ئەو کارە مەترسیدارە ناچار نەکرد، ئەو لە بەرەکانی شەڕەوە ڕاپۆرتەکانی ئامادەدەکرد و گیانی خۆی بەختکرد.

جینان موسا گوتیشی: ئەم خەڵاتە بڕێک پارەی لەگەڵە، پلانی من بەخشینی هەموو پارەکەیە. کاتی خۆم تەرخانەدەکەم بۆ دۆزینەوەی ئەو خێزان، خەڵک، قوربانیانی داعش و ڕێکخراوە خێرخوازەکان تا سوودی لێ ببینن.

خەڵاتەکە..

بێجگە لەو خەڵاتەی جینان وەریگرت، بڕێک پارەشی لەگەڵ بوو ئەویش 15هەزار دۆلارە، جینان لە تویتێکەوە دوای وەرگرتنی پارەکە، ڕایگەیاند کە دەیبەخشێتە ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان تایبەت بە ڕزگارکراوانی دەستی تیرۆریستانی داعش.

کەناڵەکەی جینان چی گوت؟

کەناڵی (الان) کە کەناڵێکی ئەهلی لوبنانی تایبەت بە هەواڵ و سیاسەتە، لە ڕاپۆرتێکدا گرنگی بە هەواڵی بردنەوەی جینان موساداو بە خەڵاتکردنی کەناڵەکەشی وەسف کرد، هەروەها ڕاپۆرتێکی تایبەتی لەسەر چالاکییەکانی شیفا گەردی تاکو شەهید بوونی پەخش کرد.

جینان موسا کێیە؟

ڕۆژنامەنووسێکی لوبنانیە لە کەناڵی (الان) کار دەکات کە بارەگای سەرەکی لە شاری دوبەیە، لە دایکبووی ساڵی 1984ی وڵاتی سعودیە، خاوەن دبلۆمە لە بەشی ڕادیۆ تەلەفزیۆن لە کۆلێژێ ئەمەریکی بۆ زانست و تەکنەلۆژیا لە بەیرووت، هەروەها دبلۆم لە ئادابی ئینگلیزی زانکۆی بەیروتی بەدەستهێناوە، ساڵی 2008 خەڵاتی جوبران تویتی بۆ ڕۆژنامەوانی وەرگرتووە. هەواڵەکانی شۆڕشی عەرەبی لە میسرو سوریا و لیبیای گواستۆتەوە. هەروەها چۆتە کەمپی ئاوارەی سۆماڵییەکان لە کینیا.



بەشەناوخۆییەکانی زانکۆی سەلاحەدین شیعر باران کران

هێمن خەلیل

شاعیری هەست ناسک (سەرکەوت ڕەسول) ڕۆژی سێ شەممە، کاتژمێر (7:30) شەو لەکۆمەڵگای بەشەناوخۆیی (شەهید شەوکەت شێخ یەزدین)ی زانکۆی سەلاحەدین کۆڕێکی شیعری بۆ قوتابیانی ئەو بەشەناوخۆییە ئەنجام دا، ئەمەش بۆ خزمەتی قوتابیانی بەشەناوخۆییەکان و گرنگیدان بەزیاتر ڕۆشنبیرکردنی توێژێکی وا گرنگ ئەم کۆڕو کۆبوونەوانە ئەنجام دەدرێن.



کۆژەر لەپیرەمەگرونەوە دێتە هەولێر

بەرهەم شێخ عزەدین

دەرهێنەری شانۆیی ئومێد کەمال بەخەباتی گوت: شانۆیی (کۆژەر) کەبەرهەمی تیپی شانۆی پیرەمەگرونە بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر ئەمڕۆ چوارشەممە کات 4ی ئێوارە لەهۆڵی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر نمایش دەکرێت. کۆژەر لە نووسین و دەرهێنانی: ئومێد کەمال، یاریدەدەری دەرهێنەر: فەرەیدون بەکر نواندنی: جەلال محەمەد، بێگەرد حەمە سەلیم.

